# مافی کەمە نەتەوایەتییەکان لە بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکاندا وکاریگەرییان لەسەر ئارامی سیاسی لە عێراقدا

م. کاروان أورحمان إسماعیل

مامۆستا/ یاسای گشتی

زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی

doi:10.23918/ilic2019.03

## پێشەکی

مافی کەمینەکان بەشێکە لەمافەکانی مرۆڤـ، کە پێویستە بخرێتە ناو یاساو بەرنامەی کاری دەوڵەتانەوە تاوەکو وەك ئەندامی دیکەی کۆمەڵگا بەمافەکانیان بگەن. وەپێویستە رێوشوێنی پێویست دابنرێت تا ئەم مافانە دەستەبەرو پراکتیزە بکرێت. لەو مافانە: پاراستنی کەلتورو ئاین و زمانی کەمەنەتەوایەتییەکانە، وە دەبێت بەشداری راستەقینەی دەسەڵاتیان پێبکرێت بەشێوەیەکی یەکسان لەئەرك و فەرمانەکاندا کەوەڵامدەرەوەی خواست و پێداویستییەکانیان بێت. وە پێویستە ژیانێکی شکۆمەندانەو پارێزراویان هەبێت لەهەر جۆرە توندوتیژییەك و جیاکارییەك لەکۆمەڵگادا.

بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان بەهەمان شێوە کاریان لەسەر پاراستنی کەلتورو زمان و ئاین و تایبەتمەندی کەنەتەوایەتییەکان کردووە لەهەموو جیهاندا. لەجارنامەی گەردونی بۆ مافەکانی مرۆڤـ، چەندین ماف بۆ کەمینەکان دەستەبەرکراوە. وەجەختکراوەتەوە لەسەر سودمەندبون و بەهرەمەندبون بەو مافانەی کە لە بەڵگەنامەکەدا هاتووە، بەبێ جیاکاری بەهۆی نەژاد یان رەگەز یان رەنگ یان ئاین یان بۆچونی سیاسی و ئازادی رادەربرینەوە...

دەوڵەتی عێراق لەسەرەتای دروستبونییەوە [1]ساڵی ١٩٢١ ، هەر لەدەرچونی یەکەم دەستوری عێراقییەوە[2] لەساڵی ١٩٢٥ هەوڵیداوە گرنگی بدات بە مافی کەمینەو پێکهاتەکانی تا دەرچونی دواهەمین دەستوری عێراق[3] لە ساڵی ٢٠٠٥، ماف کەمینەکان مسۆگەر بکات و ژیانێکی شکۆمەندانەیان بۆ دابین بکات بەبێ جیاکاری لەنێوان پێکهاتەو نەتەوە جیاوازەکاندا. بەو پێیەی عێراق کەیەکێکە لەو دەوڵەتانەی، کۆمەڵگاکەی پێکهاتەیەکی فرە نەتەوە و فرە زمان و فرە ئاین و ئاینزایە، بەپشتبەستن بە (یاسا و بەڵگەنامە و رێکەوتننامە) نێودەوڵەتییەکان، وە بەهۆی ئەو کێشمەکێشە بەردەوامانەی کەلەعێراقدا هەمیشە ئامادەیی هەبووە لەگەڵ کوردا بەتایبەتی، پاشان لەگەڵ کەمینەکانی تر بەگشتی. بۆیە ئەگەر لەچوارچێوەی پاراستنی ماف هاووڵاتیانی عێراقی و یەکسانی لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگای عێراقیشدا بوبێت، بەجۆرێك لەدەستوردا باسکراوە کە ئاماژەیە بۆ پاراستنی مافی هەموان و لەناویشیاندا کەمینەکان، وەیان بەدەقێکی راشکاو لەچەند مادەیەکی دەستورەکەدا ئاماژەی بە ناوی پێکهاتەوەو کەمینەکان داوە.

### ١: چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوە

### ١– ١): گرنگی ئەم توێژینەوەیە

گرنگی ئەم توێژینەوەیە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە قسە لەسەر بابەتێکی گرنگ و هەستیار دەکات ئەویش ماف کەمەنەتەوەکانە لەوڵاتێکی پڕ لەکیشەی نەتەوایەتی و ئایینی و ئایینزایی وەك عێراق، بۆ ئەوەی بزانین چۆن بەڵگەنامە نێودەوڵەتیەکان مامەڵەیان لەگەڵ ئەو پرسەکردووە وە تاچەند ئەو بەڵگەنامانە هێزی زۆرەکیان هەیە بۆ وڵاتان. وە ئایا لەعێراقی تازەی دوای پەسەندکردنی دەستوری ٢٠٠٥ کێشەی کەمەنەتەوەکان چارەسەرکراوە کەئیتر ئارامی وئاشتی بەدوای خۆیدا بهێنێت.

### ١– ٢): ئاستەنگەکانی ئەم توێژینەوەیە

لەکاتی نوسینی ئەم توێژینەوەیەدا توشی کۆمەڵێك ئاستەنگ بوین، کە گرنگترینیان:

١– نەبونی پێناسەیەکی تەواو و هەمەلاینە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و نێوخۆیی بۆ دیاریکردنی مەبەست لە کەمەنەتەوەکان.

٢– نەبونی پێوەرێکی دیاریکراو لەسەر یەکلاکردنەوەی هێزی زۆرەکی بەڵگەنامە نێودەوڵەتیەکان، بۆ ئەوەی بتوانین بریار لەسەر ئەوە بدەین لەچ کاتێکدا وڵاتان توشی بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی دەبن لەکاتی سەرپێچی و ئیش نەکردن بەو بەڵگەنامانە.

---

[1] د. رعد ناجي الجدة، النظام الدستوري في العراق، المكتبة القانونية، بغداد، دون سنة طبع، ص ٣٠٣.

[2] نبيل عبدالرحمن حياوي، دستور العراق الملكي، المكتبة القانونية، بغداد، دون سنة طبع، ص ٤١.

[3] آريان محمد علي، الدستور الفيدرالي، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية، ٢٠٠٩، ص ٣٨

٣– کەمی ئەو سەرچاوانەی کەباس لەکاریگەری زامنکردنی مافی کەمەنەتەوەکان دەکات لەسەر ئاشتەوایی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەوڵاتاندا.

٤– نەبونی سەرژمێریەکی ورد و تازە لەسەر پێکهاتەی خەڵکی عێراقدا، بەجۆرێك ئەوەش لەرابردوودا کراوە بێ هەڵە و کەموکوری نەبووە.

### ١– ٣): ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە

گرنگترین ئەو ئامانجانەی کە مەبەستمانە لەرێگای ئەم توێژینەوەیە بەدەستی بهێنین بریتی یە لە:

١– مەبەست لەمافی کەمەنەتەوەکان چیەو چی دەگرێتەوە.

٢– ئایا تاچەند بەڵگەنامە نێودەوڵەتیەکان کاریگەریان لەسەر نوسینی دەستوری عێراقی ساڵی٢٠٠٥ هەبووە.

٣– ئایا تاچەند بەڵگەنامە نێودەوڵەتیەکان و دەقەکانی دەستوری عێراق کاریگەریان لەسەر یاسا بەرکارەکانی عێراق جێهێشتوە.

٤– ئایا کەمەنەتەوەکان رازین لەو دەقە دەستوری ویاساییانەی پەیوەندارن بەمافەکانیان و کەمینەکان لەعێراق لەسایەی دەستورەوە بە مافەکانی خۆیان گەیشتون.

٥– ئایا تاچەند زامنکردنی ماف کەمەنەتەوەکان بۆتە هۆی بەدیهێنانی ئاشتەوای کۆمەڵایەتی لەعێراقدا.

### ١– ٤):میتۆدی نوسینی ئەم توێژینەوەیە

لە ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیە سود لە دوو میتۆدی سەرەکی وەرگیراوە: یەکەمیان، میتودی شیکاریە (المنهج التحليلي) بۆ شیکردنەوەی ئەو بڕگەو مادانەی کە پەیوەندارە بە ماف کەمە نەتەوەکان ، وە دووەمیان میتۆدی بەراوردکاری یە (المنهج المقارن) کە بڕگەو مادەکانی پەیوەست بە ماف کەمەنەتەوەکانی نێو دەستور یاساکانی عێراق بەراوردی پێکراوە لەگەڵ ماف کەمەنەتەوەکان لە بەڵگەنامە نێودەوڵەتیەکان.

## ٢): چەمکی کەمینە

زانایانی بواری یاسای نێودەوڵەتی مشتومرو گفتوگۆی چریان کردووە لەسەر چەمکی کەمینەکان، وە لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی زۆریان لەسەر ئەم چەمکە کردووە، تا بەوردی مانای کەمینە دیاری بکەن وە پێناسەیەکی گشتگیری بۆ بکەن.(١)

لیژنەی لقی بۆ رێگریکردن لەجیاکاری و پاراستنی ماف کەمینە پێناسەی کەمینەی کردووە: بەوەی کۆمەڵێك لەدانیشتوان کە ژمارەیان کەمترە لە دانیشتوانی دیکەی وولات، وە ئەندامەکانی بەهاونیشتمانی دائەنرێن وە خەسڵەتی ئیتنیکی و زمانەوانی دیاریکراویان هەیە، کەجیاوازە لە هی دانیشتوان، وەهەستکردن بە یەکگرتن ئەیانبەستێت بەیەکەوە لەپێناو پاراستنی نەریت و ئایین و زمانیان.(٢)

هەر بۆیە پێناسەیەکی وردو گشتگیر نییە بۆ کەمینەکان، کە بەشێوەیەکی گشتی لای هەموان پەسەند بێت، چونکە بەهۆی جۆراو جۆری کەمینەکان لەسەر بنەمای نەتەوەو رەنگ و رەگەز و نەژاد و ئایین و ئایینزا و زمان و بیرو بۆچونی تایبەتەوە، وایکردووە پێناسەیەك نەتوانێ هەموو جیاوازییەکان کۆبکاتەوە. ئەوەش دەگەرێتەوە بۆ چەند هۆکارێك، لەوانە:

١– حاڵەتی کەمینەکان جێگیرو چون یەك نین، بەڵکو گۆرانکاریان بەسەردا دێت بەپێی جیاوازی بارودۆخی دەوڵەتێك بۆ دەوڵەتێکی تر، ئەویش بەهۆکاری مێژویی و جوگرافی و رامیاری و ئابوری و کۆمەڵایەتی.

٢– هەستیاری چەمکی کەمینە لەلای هەندێك لە دەوڵەتان، کاتێك دان بنێ بە کەمینەدا پێویستە لەژێر کاریگەری و رۆشنایی رێکەوتننامەکان و یاسای نێودەوڵەتی گشتیدا رێز لە ماف و ئازادییەکانی کەمینە بگرێت.

٣– جیاوازی لە سروشتی کەمینەکاندا وەك نەتەوەو رەنگ و رەگەز و ئایین و زمان.(٣)

لیژنەی لقی بۆ رێگریکرن لە جیاکاری و پاراستنی ماف کەمینەکان سەر بەنەتەوە یەکگرتووەکان چەندین کۆبونەوەیان ئەنجامداوە و گفتوگۆیان لەبارەی چەمکی کەمینەوە کردووە، پێیان وایە کۆمەڵێك پێیان دەوترێت کەمینە، کە دەگەرێنەوە بۆ یەك نەژاد یان بنەچە یان ئایین یان زمان یان تایبەتمەندی دیاریکراویان هەیە کە جیاوازە لە دانیشتوانی دیکە. وە ئەم کۆمەڵانە ئەبێ بپارێزرێن بەرێوشوێنی تایبەت لەسەر ئاستی

---

(١) محمد الطاهر، الحماية الدولية للحقوق والأقليات في القانون الدولي المعاصر، دار النهضة العربية، القاهرة، ٢٠٠٩، ص١٩.

(٢) محمد غازي ناصر، التدخل الإنساني في ضوء القانون الدولي العام، منشورات الحلبي، ط ١ سنة ٢٠١٠، بيروت، ص ١٨٣.

(٣) ويفي خيرة، تأثير المسألة الكردية على الاستقرار الاقليمي، رسالة ماجستير، جامعة منتوري قسنطينة، الجزائر، ٢٠٠٥، ص٨.

نەتەوەیی و نێودەوڵەتی، تا بتوانن پارێزگاری لە نەریت و تایبەتمەندییەکانیان بکەن.[1] وە دەبێت کەمینەکان بپارێزرێن لە ئازاردان وە لەجیاکاری، وە دەکرێت بنەماکانی مافی کەمینەکان کورت بکرێتەوە لەم چەند رەگەزەدا: پاراستنی مانەوەو بونیان، جیاکاری نەکردن لەکۆمەڵگاکانیاندا، وە پاراستنی ناسنامەو بەشداریکردنیان.

### ٣): مافی کەمەنەتەوایەتییەکان لە بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان و بنەما نێودەوڵەتییەکاندا

بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان کاریگەری و ڕەنگدانەوەی هەیە لەسەر پاراستنی مافەکانی مرۆڤـ بەگشتی و مافی کەمینەکان بەتایبەتی، بۆیە لەم بەشەدا هەوڵئەدەین ئەوبەڵگەنامانە بخەینە روو کە باسیان لە مافی کەمینەکان کردووە.

دەستەواژەی کەمینەکان لەودەستەواژانەن کەلە کۆتایی سەدەی هەژدەیەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم دەرکەوت. بەڵام بەکارهێنانی ئەم دەستەواژەیە بەشێوەی جیاواز بەکارهاتووە، موسڵمانەکان لەکۆندا (أهل الذمة) یان بەکارهێناوە کە ئاماژە بووە بۆ خەڵکانی ناموسڵمان کەلەسەر خاکی موسڵمانان ئەژیان وە مافی تایبەت بە خۆیان هەبووە لە وولاتانی ئیسلامیدا.[٢]

گرنگیدان بەمافی کەمینە لەلایەن دەوڵەتانەوە دەگەڕێتەوە بۆ پێش جەنگی جیهانی بەچەند سەدەیەك، چەند پەیماننامەیەکی نێودەوڵەتی تایبەت بەکەمینەکان بەسترا بەتایبەت لەنێوان دەوڵەتانی ڕۆژئاوا و ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بەمەبەستی پارێزگاریکردنی کەمینە ئاینییەکان و ڕەگەزییەکان و نەتەوەییەکان. وەهەروەها ئەو پەیماننامەیەی بەسترا لەنێوان ئیمپراتۆریەتی روسی و ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ساڵی (١٧٧٤) کەبە پەیماننامەی (کوجوك چنارجی) ناسراوە، کەتایبەتبوو بە پاراستنی مافی ئاینی موسڵمانەکانی جزیرەی قرم.[٣]

ڕێکەوتننامەی پاریس لەساڵی ١٨٥٦ کە لەنێوان وولاتانی فەرەنساو نەمساو بەریتانیاو روسیاو بروسیاو تورکیادا بەسترا دەقیداوە: کە لەکاتی سەربەخۆیی دەوڵەتانی ناوچەی بەلقان، پێویستە پابەندبن بە بنەما بنچینەییەکانی پاراستنی مافی کەمینە ئاینی و نەتەوەییەکانەوە. وەك لەمادەی نۆیەمی ڕێکەوتننامەکەدا هاتووە، پێویستە دەوڵەتان مافی یەکسانی دەستەبەر بکەن و و جیاکاری نەکەن بە هۆکاری ئاینی و رەگەزییەوە.[٤]

لەسەدەی نۆزدەیەمدا کێشەی کەمینەکان زیاتر دەرکەوت لە گۆرەپانی نێودەوڵەتیدا، بەوەی کێشەی کەمینەکان کەوتە بواری باسکردن و ڕێکەوتنەوە، لەڕێگەی بەستنی چەندین ڕێکەوتننامەی نێودەوڵەتی دولایەن و فرەلایەنەوە.[٥]

دوای ئەوەی بیرۆکەی نەتەوە لە ئەوروپا دەرکەوت و گەشەیسەند شانبەشانی ئەوە دیاردەی پاراستنی مافی کەمینەکانیش سەریهەڵدا، وەك پەرچەکردارێك لەبەرانبەر ئەو ستەم و چەوسانەوەو زوڵمەی لەدژی کەمینەکان ئەنجام ئەدرا.[٦]

### ٣– ١): مافی کەمەنەتەوایەتییەکان لەسایەی ڕێکخراوی کۆمەڵەی گەلاندا

لەپێش دروستبونی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، دەوڵەتان ئامرازی زۆرە ملێیان بەکارهێناوە بۆ پارێزگاریکردن لەخۆیان و بەرژەوەندییەکانیان. دەستێوەردان یەکێك بووە لەو ئامرازانەی بەکاریان هێناوە بەمەبەستی پارێزگاریکردن لە هاوڵاتی و پاراستنی مافی کەمینەی دەوڵەتێك بەهۆی خراپی مامەڵەوە لەگەڵیاندا لەژێر ناوی دەستێوەردانی مرۆیی.[٧]

جەنگی جیهانی یەکەم نەهامەتی گەورەی بەسەر کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا هێناو بەشێوەیەکی فراوان دەستدرێژی کرایە سەرمافەکانی مرۆڤـ و مافی کەمینەکانیش بەهەمان شێوە. ئەمە وایکرد هەوڵی زۆر بدرێت بۆ پشتیوانی و مسۆگەرکردنی مافەکانی مرۆڤـ و بەنێودەوڵەتی کردنی. کۆمەڵەی گەلان سەرەرای ئەرکە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکەی ئەرکی کارگێری زۆری هەبوو کەیەکێك لەو ئەرکانە پاراستنی کەمەنەتەوایەتییەکان بوو ، کەبە پێی ئەم سیستەمە هەموو دەوڵەتان بەڵێنیان دابوو بە پاراستنی مافی کەمینەکان لەسەرهەرێمەکانیان، خۆ ئەگەر دەوڵەتێك سەرپێچی بکردایە دەرهەق بە مافی کەمینەکان، ئەوا لەسەر داوای ئەندامێك لە کۆمەڵەی گەلان، ئەنجومەنی گەلان

---

[١] رائد شهاب أحمد، الحماية القانونية للاقليات في العراق، بحث منشور في مجلة رسالة الحقوق، العدد الثاني، كلية القانون جامعة كربلاء، ٢٠١٢، ص ١٧٣.

[٢] دريسي تسعديت، آليات حماية الأقليات في القانون الدولي، رسالة ماجستير، جامعة عبدالرحمن ميرة – بجاية – الجزائر، ٢٠١٣، ص ٢.

[٣] محمد ثامر، حقوق الأقليات، بحث منشور على الموقع الألكتروني الحوار المتمدن. (٢٨/ ١٢/ ٢٠١٨)
http://www.m.ahewar.org/s.asp?aid=359895&r=0

[٤] بدرية عقعاق، تحديد مفهوم الاقليات في القانون الدولي والوسائل الدولية لحمايتها، ط١، دارالفكر والقانون للنشر، المنصورة، ٢٠١٣، ص١١

[٥] خينش أحلام، الحماية الدولية لحقوق الأقليات، رسالة ماجستير، جامعة محمد خيضر، بسكرة، الجزائر، ٢٠١٦، ص ٨.

[٦] د. حسام أحمد محمد هنداوي، القانون الدولي العام وحماية حقوق الأقليات، دار النهضة العربية ، القاهرة، ١٩٩٧، ص ١٦.

[٧] عبدالله علي عبو، القانون الدولي العام، مكتبة يادگار لنشر الكتب القانونية، السليمانية، ٢٠١٥، ص ٣٥٠.

تایبەتمەندبوو بەلێکۆڵینەوە.[1] بەڵێننامەی ڤێرسای ساڵی ١٩١٩ ئەرکی پاراستنی ماف مرۆڤی خستە ئەستۆی دەوڵەتان بەتایبەت دەوڵەتانی دۆڕاو لەجەنگدا نەك سەرکەوتوان.[2] لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بەڵێننامەیە کاریگەری گەورەی لەسەر بەڵێننامەکانی تایبەت بەکەمینەکانەوە هەبوو کەبنەمای یەکسانی کەمینەکان و زۆرینەی لەبەردەم یاسادا ڕێکخست وە گەرەنتی ئازادی ئاینی و رۆشنبیری و پیادەکردنی خو نەریتەکانی کرد. لەنمونەی ئەو بەڵێننامانە:

- بەڵێننامەی نێوان وولاتانی هاوپەیمانان و پۆڵەندا لە ٢٨ /٦/ ١٩١٩ کە تایبەت بوو بە یەکسانی ماف کەمینەی زمان و رەگەز لە پۆڵەندا و مامەڵەکردنیان بەشێوەیەکی یەکسان لەبەردەم یاسادا بە هەمان شێوەی هاونیشتمانیانی تر بەبێ جیاوازی، وەپێدانی ماف بونی ڕێکخراوی کۆمەلایەتی و ئاینی و ماف قسەکردن وخوێندن بەزمانی تایبەت بەخۆیان.[3]
- بەڵێننامەی ئاشتی لەنێوان وولاتانی هاوپەیمانان و نەمسا بەسترا لە ١٠/ ٩/ ١٩١٩، کە لەمادەی ٥٢– ٦٩ مافی تایبەتی کەمینە ئاینی و زمان و رەگەزەکانی نەمسای لەخۆگرتبوو بێ جیاکاری لەگەڵ دانیشتوانی تر.
- بەڵێننامەی تریانون لەگەڵ هەنگاریا ساڵی ١٩٢٠.
- بەڵێننامەی سیڤەر لەگەڵ یونان ساڵی ١٩٢٠.[4]
- پەیماننامەی نێوان پۆلۆنیاو چیکۆسلۆڤاکیا ساڵی ١٩٢١.
- پەیماننامەی نێوان ئەڵمانیاو پۆلۆنیا ساڵی ١٩٢٢.

ئەم بەڵێننامە نێودەوڵەتییانە کۆمەڵێك ئامرازی یاسایی بەکارهێنابوو بۆ مسۆگەرکردن و پاراستنی ماف مرۆڤـ و ڕێگریکردن لە پێشێلکردنی ئەو مافانە، لەو ئامرازانە:

١– پابەندبون بەپاراستنی ماف کەمینەکانەوە.
٢– پێدانی ماف شکاتکردن لە کۆمەڵەی گەلان لەلایەن کەمینەکانەوە.
٣– دادگای دادی نێودەوڵەتی هەمیشەیی بەلایەنی تایبەتمەند دابنرێت لە راڤەکردن و چارەسەرکردنی ئەوکێشانەی کە سەرهەڵئەدەن لەسەر راڤەکردن و جێبەجێکردنی ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکان.[5]

لەگەڵ هەموو ئەو هەوڵانەدا بۆ پاراستن و زامنکردنی ماف کەمینەکان، بەڵام گرنگیدان بەو مافانە لەم ماوەیەدا بەپێی بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی گشتی نەبوو، بەڵکو تەنها بەپێی ڕێکەوتنی دەوڵەتان بوو کە بۆ ئەو مەبەستە ئەبەسترا، لەگەڵ ئەوەشدا هەنگاوێکی باش بوو بۆ بەدۆکۆمێنتکردنی مافی کەمینەکان. وە ئەو راگەیەندراوانەی کەلەلایەن هەندێ دەوڵەتەوە دەردەچوو کەتیایدا بەڵێنیان ئەدا بەپاراستنی ماف کەمینەکان وەکو مەرجێك بۆ پەیوەستبون بە کۆمەڵەی گەلانەوە وەك، ماف رەگەزنامە و ڕێگەدان بە ئەنجامدانی نەریت و سروتە ئاینییەکان و بیروباوەرەکان، وەیەکسانی لەبەردەم یاساداو ماف بەکارهێنانی زمانی تایبەت بەخۆیان بەهەمان شێوە هەنگاوێك بوو بۆ چەسپاندنی مافەکان.[6]

### ٣– ٢): ماف کەمەنەتەوایەتییەکان لەسایەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا

لەدوای کۆتایهاتنی جەنگی جیهانی دووەم گرنگی زیاتر درا بەمافەکانی مرۆڤـ بەگشتی و ماف کەمینەکان بەتایبەتی، لەو پێناوەشدا هەوڵی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەردەوام بوو بۆ دروستبونی ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی جیهانی گشتی، تا ڕۆژی ٢٦/ ٦/ ١٩٤٥ لەشاری سان فرانسیسکۆی ئەمریکا بەدەرچونی بەڵگەنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان، جیهان ئەزمونێکی تازەی بەخۆیەوەبینی، کەبریتی بوو لە دروستبونی ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی تازە لەدوای هەرەسهێنانی کۆمەڵەی گەلان، کە ئامانجی پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی جیهان بوو،[7]نەتەوە یەکگرتووەکان هەر لەسەرەتای دروستبونیەوە رۆڵی گرنگ وئاشکرای بینیوە لە پاراستنی ماف و ئازادییەکانی مرۆڤداو لەچوارچێوەی

---

(1) د. محمد المجذوب، التنظيم الدولي، ط٨، منشورات الحلبي الحقوقية، بيروت، ٢٠٠٦، ص ١٧٣-١٧٤.

(2) بولس رمزي، حقوق الأقليات في المواثيق الدولية، مقال منشور على الموقع الالكتروني (الحوار المتمدن) (٣/ ١/ ٢٠٠٩) http://www.m.ahewar.org/s.asp?aid=97447&r=0 (٢٢/ ٥/ ٢٠٠٧)

(3) بدرية عقعاق، تحديد مفهوم الاقليات في القانون الدولي والوسائل الدولية لحمايتها، مصدر سابق، ص١٤

(4) عزالدين بشير، مؤتمر الصلح والتسويات الدولية عقب الحرب العالمية الأولى، رسالة ماجستير، جامعة محمد خضر – بسكرة-– الجزائر، ٢٠١٦، ص ٦٢ – ٦٣.

(5) بولس رمزى، حقوق الأقليات في المواثيق الدولية، مصدر سابق.

(6) عبداليزيد داودي، التدخل الانساني في ضوء ميثاق منظمة الأمم المتحدة، رسالة ماجستير، جامعة قالمة، الجزائر، ٢٠١٢، ص ٣٣.

(7) ينظر: محمد سعيد دقاق، المنظمات الدولية المعاصرة، منشأة المعارف، الأسكندرية، ٢٠٠٠، ص ١٦٤.

پاراستنی مافەکانی مرۆڤـ لەجیهاندا، کە لە ئەنجامدا ئەبێتە هۆی دەستەبەرکردنی ماف کەمینەکان.[١] بەڵگەنامەکە ئاماژەی داوە بە پاراستنی ماف مرۆڤـ هەروەك لەپێشەکی بەڵێننامەکەدا جەخت لەمافە بنچینەییەکانی مرۆڤـ دەکاتەوە بەبێ جیاوازی لەنێوان میللەتان و جیاوازی رەگەزی، وەدەستەبەرکردنی ماف یەکسان بۆ هەموان.[٢] کە ئاماژەیە بۆ ماف کەمینەکان. وە جەختی لەرێزگرتنی ماف و ئازادییە بنەرەتییەکانی مرۆڤـ کردۆتەوەبەبێ جیاکاری بەهەر هۆکارێك بێت، نەژادی، ئاینی، زمان.[٣]

وە لەمادەی ٥٥ دا دەقی داوە لەسەر بڵاوکردنەوەی گیانی یەکسانی و رێزگرتنی ماف و ئازادییەکانی مرۆڤـ لەجیهاندا بەبێ هیچ جۆرە جیاکارییەك. بۆ چەسپاندی ئەم بنەمایەو جێبەجێکردن و دەستەبەرکردنی ئەم مافانە، وە لە زمانی ئەندامانەوە بەڵێن ئەدەن بەکارکردن وهاوکاری دەستەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ جێبەجێکردنی ئەومادەیە.[٤]

جێگەی سەرنجە کە نەتەوە یەکگرتووەکان، لەدوای کۆتاییهاتنی جەنگی ساردو هاتنەکایەی سیستەمی نێودەوڵەتی نوێوە بەتایبەتی، لەرێگەی کۆمەڵەی گشتی و ئەنجومەنی ئاسایشەوە چەندین بریاری گرنگ وپابەندکەری دەرکردووە بۆ پاراستنی مافی نەتەوەو کەمینەکان، بەوپێیەی هەتا کەمینەکان روبەروی توندوتیژی دەستدرێژی ببنەوە هەرەشەو مەترسییە بۆ سەر گرنگترین ئامانجی نەتەوە یەکگرتووەکان کە ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتییە.[٥]

لەو بریارانەی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی داویەتی کەگرنگییەکی تایبەتی هەیە بۆ ئێمەی میللەتی کورد، بریاری ژمارە ٦٨٨ لە ٥/ نیسانی/ ١٩٩١ کەبەگوێرەی ئەو بریارە ئەنجومەنی ئاسایش جەختی کردەوە کە ئەو پێشێلکاریانەی بەرانبەر هاووڵاتیانی سیڤیل لەعێراق ئەنجام دەدرێن مایەی نیگەرانییە، وە لەوناوچانەی کەزۆربەی دانیشتوانەکەی کوردن.[٦] هاووڵاتیان دوچاری سەرکوتکردن و لەناوچون بونەتەوە، بەناچاری پەنایان بۆ ناوچە سنورییەکان بردووە، ئەم پێشێلکاریانەش بونەتە هۆی هەرەشەو مەترسی بۆسەر ئاشتی و ئاسایشی ناوچەکە.[٧]

## ٤): ماف کەمەنەتەوایەتییەکان لە بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکاندا

زۆرێك لە جارنامە نێودەوڵەتییەکان و رێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکان پەیمانە نێودەوڵەتییەکان کە بەستراون، کەتایبەتن بەمافە و ئازادییە بنەرەتییەکانی مرۆڤـ بەگشتی و مافی کەمینەکان بەتایبەتی، جەختیان لە پاراستنی ماف کەمینەکان کردۆتەوە لەوانەش:

### ٤- ١):جارنامەی گەردونی بۆ مافەکانی مرۆڤـ ساڵی ١٩٤٨

ئەم جارنامەیە بەیەکەمین بەڵگەنامەی نێودەوڵەتی دائەنرێت لە جیهاندا، کە دەوڵەتان کۆك و تەبا بن لەسەر یەکسانی وئازادی مرۆڤەکان بەبێ جیاوازی رەنگ و رەگەز و بیرو باوەرو ئاین و تایبەتمەندییەکانیان.[٨]

بەخوێندنەوەی مادەکانی ئەم جارنامەیە ئەوە دەردەکەوێت کە لەچوارچێوەی مافەکانی مرۆڤدا، کەمینەکانیش مافەکانیان پارێزراو دەبێ، هەروەك لە مادەی دووەمی جارنامەکەدا ئاماژەی داوە بەوەی کە دەبێت هەموو مرۆڤێك بە ماف و ئازادییەکانی بگات کە لەجارنامەکەدا هاتووە، بەبێ هیچ جیاوازییەك بەهۆی نەژاد و رەنگ و رەگەز و ئاین و زمان و بیروبۆچونی سیاسی یان هەر بیرو باوەرێکی ترەوە.[٩] وە لەچەندین مادەی تردا دەقی لەسەر ماف و یەکسانی تاکەکان داوە، وەکو مادەی ١، ٧، ١٠، ١٨، ٢٣، ٢٦.

---

[١] جاك دونللي، حقوق الانسان العالمية بين النظرية والتطبيق، ترجمة مبارك علي عثمان، المكتبة الأكاديمية، القاهرة، ١٩٩٨، ص ١٨٣-١٨٤.

[٢] ينظر: ديباجة ميثاق الأمم المتحدة.

[٣] ينظر: الفقرة الثالثة / المادة الأولى، من ميثاق الأمم المتحدة.

[٤] ينظر: (الفقرة ج / المادة ٥٥) و (المادة ٥٦) من ميثاق الأمم المتحدة.

[٥] ينظر: خينش أحلام، الحماية الدولية لحقوق الأقليات، مصدر سابق، ص ٨١.

[٦] بەشێك لە نوسەران و توێژەروان لەچوارچێوەی کەمینەدا باسی کوردو ئەم بریارەیان کردووە. وەك (سهيلة عبدالانيس، الأقليات في العراق، الموقع الالكتروني الحوار المتمدن) ، (خينش أحلام، احماية الدولية لحقوق الأقليات، رسالة ماجستير ، جامعة محمد خيضر – بسكرة – الجزائر، ص ٦٨) (عبداليزيد داودي، التدخل الانساني في ضوء ميثاق الأمم المتحدة، رسالة ماجستير، جامعة قالمة، الجزائر، ص٧٢)، هەرچۆنێك و بەهەرپاساوێك بێت بریارەکە بە قازانجی کورد بووە.

[٧] عبدالله علي عبو، القانون الدولي العام، مصدر سابق، ص ٢٥٤.

[٨] الاعلان العالمي لحقوق الانسان، الموقع الالكتروني (منظمة العفو الدولية) (٠٧/ ٠١/ ٢٠١٩) https://www.amnesty.org/ar/what-we-do/universal-declaration-of-human-rights/

[٩] ينظر: المادة الثانية من الاعلان العالمي لحقوق الانسان

### ٤– ٢): ڕێکەوتننامەی ڕێگریکردن لەکوشتنی بەکۆمەڵدا و سزادان لەسەری ١٩٤٨

ئەم ڕێکەوتننامەیە بەبڕیاری کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ژمارە ٢٦٠ ألف (د–٣) لە ٩/ ١٢/ ١٩٤٨بەسترا وە، کە لایەنەکان ڕێکەوتن لەسەر ١٩ مادە کەلە ١٢/ ١/ ١٩٥١ کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە بەپێی دەقی مادەی ١٣ لە ڕێکەوتننامەکە، ئەویش بە گەرانەوەی بیستەمین راستاندن لەلایەن ئەندامانەوە.[١]

ڕێکەوتننامەکە گرنگی داوە بە لەناوبردنی بەکۆمەڵ، کە هەرکارێك ئەنجامبدرێت بە مەبەستی وێرانکردن و لەناوبردنی کۆمەڵێکی نەتەوەیی یان ئیتنیکی یان نەژادی یان ئاینی، ئیتر بەکوشتن یان بەئازاردانی لاشەو ڕۆحی ئەندامانی ئەم کۆمەڵانە، بەتاوان دادەنرێت. کە ئاماژەیە بۆ پارێزگاریکردن لە کەمینەکان و سزادانی ئەو دەوڵەتانەی کە یەکێك لەو کارانە ئەنجام بدەن کە لە برگەکانی مادەی دووەمدا هاتووە.[٢]

لەگەڵ ئەوەشدا کە ناوی کەمینە نەهاتووە بەڵام لەتێگەیشتنی دەقەکەوە بەئاشکرا ئەوە دەردەکەوێت کە مەبەستی لە دابینکردنی مافی کەمینەکانە لەچوارچێوەی ڕێگەگرتن لەکوشتنی بەکۆمەڵ و دەستدرێژیکردن بۆ سەریان لەئەنجامی هەرکارێکەوە ئەنجام بدرێت. وە ئەم مادەیە ئاماژەیداوە بەو کۆمەڵانەی کە سروشتێکی نەتەوەیی وئیتنیکی وئاینی و نەژادییان هەیە، بەڵام ئاماژەی نەداوە بەو کۆمەڵەیەی کە سروشتێکی زمانیان هەیە، بەڵام دەکرێت بخرێتە چوارچێوەی کەمینەی نەژادییەوە.[٣]

وە بۆ ڕێگەگرتن لە دەستدرێژیکردن و لەناوبردنی بەکۆمەڵ، ڕێکەوتننامەکە دەقیداوە لەسەر سزادانی ئەو کەسانەی کە ئەو جۆرە کارانە ئەنجام ئەدەن وەك بەشداریکردن و هاندان یان پلاندارشتن یان هەوڵدان بۆ کوشتنی بەکۆمەڵ.[٤]

### ٤– ٣): ڕێکەوتننامەی تایبەت بەقەلاچۆکردنی جیاکاری لەبواری فێرکردندا ١٩٦٠

ڕێکەوتننامەیەکی فرەلایەنە، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەروەردەو فێرکردن و ڕۆشنبیری لە ١٤/ ١٢/ ١٩٦٠دا لەشاری پاریس گرێدراو بەپێی حوکمی مادەی ١٤ لە ڕێکەوتننامەکە لە ٢٢/ ٥/ ١٩٦٢ کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە.[٥] ئامانج لەپەیماننامەکە قەلاچۆکردنی جیاکارییە لەبواری پەروەردەو فێرکردندا، وە هەروەها دەستەبەرکردنی مافی هەڵبژاردنی خوێندن و فێربون لەشوێنە تایبەتەکاندا، وەمافی بەکارهێنانی زمانی تایبەت بە کەمینەکانە.

لە دێباجەی ڕێکەوتننامەکەدا ئاماژەیداوە بەجەختکردنەوە لەبنەمای جیاکاری نەکردن لەبواری فێربوندا وە مافدان بەهەموو کەسێك کەفێرببێت، وە هەرجیاکارییەك لە فێربوندا دەستدرێژییە بۆ مافە دەستەبەرکراوەکان کەلە جارنامەی گەردونی بۆ مافەکانی مرۆڤدا هاتووە. وە هەموو کەس مافی بەهرەمەندبون و سود وەرگرتنی هەیە لە مافەکانی مرۆڤ و یەکسانی لە فێربوندا.[٦]

لەمادەی یەکەمدا دەقیداوە لەسەر جیاکاری و پێناسەی کردووە، کەهەموو جۆرە جیاکارییەکان ئەگرێتەوە لەسەر بنەمای نەژاد و ڕەنگ و ڕەگەزو زمان و ئاین و بۆچونی سیاسی و هەر بیروبۆچونێکی تر ...[٧]

وە لەمادەی سێیەمدا هاتووە لابردن و هەڵوەشانەوەی هەر یاسایەك یان ڕێنماییەك یان ڕێوشوێنێکی کارگێری کە ببێتە هۆی جیاکاری لە فێرکردندا تا بەهەمان شێوەی هاووڵاتیانی تر مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت.[٨]

### ٤– ٤): جارنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ لەناوبردنی هەموو شێوەکانی جیاکاری نەژادی ١٩٦٣

ئەم جارنامەیە بەبڕیاری ژمارە ١٩٠٤ (د–١٨) کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ٢٠/ ١١/ ١٩٦٣ دەرکراوە، وە ١١ مادەی یاسایی پێکهاتووە.[٩]

---

[١] الموقع الالكتروني اللجنة الدولية للصليب الأحمر ICRC (٢٧/ ١١/ ٢٠١٨)
https://www.icrc.org/ar/doc/resources/documents/misc/62sgrn.htm

[٢] المادة الثانية من اتفاقية منع جريمة الابادة الجماعية والمعاقبة عليها، عام ١٩٤٨.

[٣] خلواتي مصعب، الحماية القانونية للأقليات في القانون الدولي، مقال منشور على الموقع الالكتروني: (مركز جيل البحث العلمي) (٢٨/١١/ ٢٠١٨) ٢١/ ٦/ ٢٠١٨ http://jilrc.com

[٤] المادة الثانية والثالثة من اتفاقية منع جريمة الابادة الجماعية والمعاقبة عليها عام ١٩٤٨.

[٥] جامعة منيسوتا، مكتبة حقوق الإنسان، الاتفاقية الخاصة بمكافحة التمييز في مجال التعليم ١٩٦٠.
http://hrlibrary.umn.edu/arab/b014.html

[٦] ينظر: ديباجة من الاتفاقية الخاصة بمكافحة التمييز في مجال التعليم ١٩٦٠.

[٧] ينظر: المادة الأولى من الاتفاقية الخاصة بمكافحة التمييز في مجال التعليم ١٩٦٠.

[٨] ينظر: الفقرة أ / المادة الثالثة من نفس الاتفاقية.

[٩] جامعة منيسوتا، مكتبة حقوق الإنسان، إعلان الأمم المتحدة للقضاء علي جميع أشكال التمييز العنصري ١٩٦٣.

وەك لە دیباجەكەدا هاتووە، بەپشتبەستن بە جارنامەی گەردونی بۆ مافەكانی مرۆڤـ ماف یەكسانی داوە بەهەموو مرۆڤەكان و پاراستنی مافەكانیان بەبێ جیاكاری، وە ئەم رێكەوتنە بەهەنگاوێكی گرنگ دادەنرێت لە بەرەنگاربونەوەی جیاكاریدا بەشێوەیەك جیاكاری لەنێوان پێكهاتەكاندا بەسوكایەتیكردن بە شكۆی مرۆڤـ دادەنێت، وە بەپێشێلكاری ماف و ئازادییەكانی تاك دادەنرێت كە لە جارنامەی مافەكانی مرۆڤدا هاتووە.[1] وە رێگری لەوولاتان كردووە كەمامەڵەی جیاواز بكەن لەنێوان تاكەكانی كۆمەڵگادا، وەپێویستە دەوڵەت یەكسانی فەراهەم بكات لە مافە مەدەنییەكان و پەروەردەو خوێندن و هەلی كارو پیشەكان و نیشتەجێبون. وە بۆ رێگریكردن لەو دەستدرێژیانە بۆسەر ماف و ئازادییەكان، پێویستە حكومەتەكان رێوشوێنی توند بگرنەبەر بۆ نەهێشتنی دیاردەی جیاكاری نەژادی، وە هەموو ئەو یاسایانەی كەبونەتە هۆی دروستكردن و درێژەدان بە سیاسەتی جیاكاری پێویستە بگۆرێن و یاسای تازە دەربچێت، بەشێوەیەك كە رێگربێت لە هەموو جۆرە جیاكارییەك وە بەرەنگاربونەوەی هەموو ئەو دەنگانەی دەبنە هۆكاری جیاكاری بەپێی دەقی مادەكانی ٢ و ٣ و ٤ و ٥ و ٦ و ٧ و ٨ و ٩ و ١٠ لە جارنامەكە.

### ٤– ٥): رێكەوتننامەی نێودەوڵەتی بۆ لەناوبردنی هەموو شێوەكانی جیاكاری نەژادی ١٩٦٥

هەر تایبەت بە لەناوبردنی هەموو شێوەكانی جیاكاری رەگەزی، رێكەوتننامەی نێودەوڵەتی بەبریاری ژمارە ٢١٠٦ ألف (د–٢٠) كۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەكگرتووەكان لە ٢١/ ١٢/ ١٩٦٥ بەستراوە، وە لایەنەكان رێكەوتن لەسەر ٢٥ مادەی یاسایی كەلە ٤/ ١/ ١٩٦٩ كەوتە بواری جێبەجێكردنەوە بەپێی دەقی مادەی ١٩ لە رێكەوتننامەكە، ئەویش بە گەرانەوەی بیست و حەوتەمین راستاندن لەلایەن ئەندامانەوە.

ئەم رێكەوتننامە نێودەوڵەتییە بەهەمان رێچكەی (جارنامەی نەتەوە یەكگرتووەكان بۆ لەناوبردنی هەموو شێوەكانی جیاكاری نەژادی ١٩٦٣) لەدێباجەكەیدا جەختی لەیەكسانی مافەكانی مرۆڤـ و دەستەبەركردنی ماف و ئازادی تاكەكان كردۆتەوە، وە دەوڵەتانی ئەندامی پابەندكردووە بە رێزگرتنی ئەو مافانە بەبێ جیاوازی لە نەژادو رەگەزو زمان وئاین.[2]

بەپێی ئەم پەیماننامەیە دەوڵەتانی ئەندام بەڵێن ئەدەن بەگرتنەبەری رێوشوێنی پێویست و بەبەكارهێنانی هەموو ئامرازێكی گونجاو بۆ لەناوبردنی سیاسەتی رەگەزپەرستی بەهەموو شێوەكانییەوە، وەقوڵكردنەوەی گیانی تەبایی و یەكسانی لەنێوان هەموو نەژادو رەگەزەكاندا. وە لەم پێناوەشدا چەند رێوشوێنی پێویست دەگیرێتە بەر لەلایەن دەوڵەتانەوە بۆ دەستەبەركردنی ماف و ئازادی هەموان بەبێ جیاوازی لەو رێوشوێنانەش، پابەندكردنی هەموو دامودەزگانی دەوڵەت بە رێگەگرتن لە كاری جیاكاری، وە هاوكاری نەكردن و پشتگیرینەكردنی هەر كەس و دەستەو رێكخراوێك كەبیانەوێت سیاسەتی جیاكاری نەژادی پەیرەو بكەن. وە لەهەمان كاتدا هەڵوەشاندنەوەی سەرجەم ئەو یاساو رێنماییانەی كە هاندەرن بۆ سیاسەتی رەگەزپەرستی جیاكاری لەنێوان پێكهاتەكاندا.[3] وە لەمادەكانی ٣ و ٤ و ٥ و ٦ و ٧و ٨ برگەی یەكەم، جەختكراوەتەوە لەسودوەرگرتن و بەهرەمەندبون لە مافە یاسایی و سیاسی و شارستانییەكان، وە لەكاتی پێشێلكردندا دەكرێت پەنابەن بۆ دادگا نیشتیمانییەكان و دامودەزگا دەوڵەتییەكان بۆ هەڵگرتنی هەر جیاكارییەكی نەژادی یان دەستدرێژی بۆسەر ماف و ئازادییە بنەرەتییەكان.[4]

### ٤– ٦): پەیمانی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە شارستانی و سیاسییەكان ١٩٦٦

بەبریاری كۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەكگرتووەكان ژمارە ٢٢٠٠ ألف (د–٢١) لە١/ ١٢/ ١٩٦٦ بەسترا وە، لایەنەكانی ئەم پەیمانەیە لەسەر ٥٣ مادەی یاسایی رێكەوتون، وە لە ٢٣/ ٣/ ١٩٧٦ چووە بواری جێبەجێكردنەوە، بەپێی دەقی مادەی ٤٩، ئەویش بە گەرانەوەی سی و پێنجەمین راستاندن لەلایەن ئەندامانەوە.

لەمادەی دووەم برگەی یەكەم و دووەمدا ئاماژەكراوەبە بەڵێندانی دەوڵەتان بەپابەندبون بە رێزگرتنی ئەو مافانەی دەستەبەركراوە، بەبێ جیاوازی بەهۆكاری نەژاد و رەنگ و رەگەز و زمان و ئاین ... وە هەر رێگرییەك هەبێ لەیاسای وولاتدا پێویستە هەڵوەشێتەوە و دەبێ یەكانگیر بێت لەگەڵ مافە دانپێدانراوەكانی پەیمانەكە.[5]

---

http://hrlibrary.umn.edu/arab/b009.html (٠٣/ ١٢/ ٢٠١٨)

(١) ينظر: المادة الأولى من إعلان الأمم المتحدة للقضاء علي جميع أشكال التمييز العنصري ١٩٦٣.

(٢) ديباجة الاتفاقية الدولية للقضاء علي جميع أشكال التمييز العنصري ١٩٦٥.

(٣) المادة الثانية من الاتفاقية الدولية للقضاء علي جميع أشكال التمييز العنصري ١٩٦٥.

(٤) المادة السادسة من الاتفاقية الدولية للقضاء علي جميع أشكال التمييز العنصري ١٩٦٥.

(٥) الفقرة الأولى والثانية/ المادة الثانية من العهد الدولي الخاص بالحقوق المدنية والسياسية ١٩٦٦.

بەشێوەیەکی گشتی ئاماژەدراوە بە ماف ڕۆشنبیری کەمینەکان و بەکارهێنانی زمانی تایبەت بەخۆیان وە ماف ئازادی ڕادەربڕین و ڕۆژنامەوانی و گردبونەوەو ماف بەهرەمەندبون لە پەیرەوکردنی سروتە ئاینەکانیان و بەشداری لەکایەی سیاسی، وەك لە مادەکانی ٦ و ١٨ و ١٩ و ٢٢ و ٢٤ و ٢٥ و ٢٦ و ٢٧ ئاماژەی پێدراوە.

مافی ڕۆشنبیری مافێکە بۆ هەموو ئەندامانی کۆمەڵگاو بەتایبەت کۆمەڵگای کەمینەکان ئەویش لەپێناو پاراستن و پارێزگاریکردن لەکەلتوری تایبەت بەخۆیان، بەواتای ئەوەی مافە ڕۆشنبیرییەکان فراوان و بەربڵاوە. لەزۆربەی وولاتانی جیهانی سێیەمدا چەندین کەلتورو ڕۆشنبیری جیاواز هەیە یان باو بووە، بەڵام ئەمرۆ هەرەشەیان لەسەرە. ئەم بابەتە لەزۆربەی وولاتانی جیهان گرنگی هەیە، وەکو: هندەکان و ئانوت و میتس لە کەنەدا، ئەمریکییە ڕەسەنەکان و شیکانوس و کوبییەکان لە وولاتەیە کگرتووەکانی ئەمریکا، بەریتانییەکان لە فەرەنسا، ویلزەکان لە ئینگلتەرا، ئەرمەن و ئەستونییەکان و کازاك و ئۆزبەك لەسۆڤیەتی جاران.[١]

## ٤– ٧): پەیمانی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافی ئابوری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری ١٩٦٦

پەیمانی نێودەوڵەتی بەبڕیاری ژمارە ٢٢٠٠ (د–٢١) کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ١٦/ ١٢/ ١٩٦٦ بەستراوە، وە لایەنەکان ڕێکەوتن لەسەر ٣١ مادەی یاسایی کەلە ٣/ ١/ ١٩٧٦ کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە بەپێی دەقی مادەی ٢٧ لە ڕێکەوتننامەکە، ئەویش بە گەرانەوەی سی وپێنجەمین راستاندن لەلایەن ئەندامانەوە.[٢]

ناوەرۆکی ئەم پەیماننامەیە بەگشتی داندەنێت بە بنەمای مافە ئابوری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکان بەبێ جیاکاری بەهۆی نەژاد و ڕەگەز و ڕەنگ و زمان و هەر هۆکارێکی تر کەببێتە هۆی جیاکاری[٣] هەروەك لە مادەکانی ١ و ٣ و ٧ دا لەم پەیمانەدا ئاماژەی پێدراوە کەتاکەکانی سەر بەکەمینەکان بەپشتبەستن بەو مادانە داوای مافەکانیان بکەن بەپێی بنەمای جیاکاری نەکردن لەنێوان تاکەکان و پێکهاتەکاندا.[٤]

## ٤– ٨): ڕێکەوتننامەی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی لەسەر گەلانی ڕەسەن و تیرەگەری لە وولاتانی سەربەخۆدا ١٩٨٩

خولی حەفتاو شەشەمینی کۆنگرەی گشتی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی، لە ڕۆژی ٧/ ٦/ ١٩٨٩ لەسویسرا بەسترا، لە ٤٤ مادەی یاسایی پێکهاتووە، وە بەپێی حوکمی مادەی ٣٨ لەڕێکەوتننامەکە لە ٥/ ٩/ ١٩٩١ چووەتە بواری جێبەجێکردنەوە.[٥]

ئەم ڕێکەوتننامەیە ڕەچاوی پێوەرە نێودەوڵەتییەکانی کردووە، کە لەڕێکەوتننامەکان و جارنامەو ڕاسپاردەکانی پێشودا هاتووە، وە جەختکردنەوە لە چەسپاندن و پەرەپێدانی مافەکانیان و ناسنامە و زمان و ئایینی تایبەت بەخۆیان، وە جیانەکردنەوەیان لەگەڵ ئەو کۆمەڵگایانەی لەگەڵیان دەژین. تێبینی ئەوە کراوە کە ئەم گەلانە لەبەشێکی زۆری جیهاندا توانای بەهرەمەندبونیان نییە لە مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ بەهەمان پلەی دانیشتوانی تری ئەو وولاتانەی تیایدا دەژین.[٦]

مادەی دووەم لە ڕێکەوتننامەکە دەوڵەت پابەند ئەکات بەگرتنەبەری ڕێوشوێنی گونجاو لەپێناو پاراستنی مافی ئەم گەلانەو ڕێزگرتنیان، وە پێویستە تاکەکان بەیەکسانی سودمەندبن لە مافەکان.[٧] وە بەهرەمەندبون وسودبینینی ئەو گەلانە لە مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکان، بەبێ هیچ بەربەستێك یان جیاکارییەك. وەنابێت هیچ جۆرە هێزێك یان توندوتیژییەك لەبەرانبەریاندا بەکار بهێنرێت، کە دەستدرێژی بێت بۆسەر مافەکانیان.[٨]

وە بەهەمان شێوە مادەکانی ٢ و ٤ و ٥ و ٧ و ٨ و ٩ و ١١ و ١٢ ئەو ماف و ئازادیانەیان لەبەرچاوگرتووە کەدەبێ ئەم گەلانە بەبێ جیاوازی پێی بگەن، وە ڕێوشوێنی پێویست بگیرێتەبەر، تا ئەو مافانە مسۆگەر بکرێت.

لەراستیدا پاراستنی ماف کەمینەکان لەم ڕێکخراوەدا لەرێگەی ڕێکەوتننامەیەکی نێودەوڵەتییەوە وەستانەوەیە لەبەرانبەر ئەو جیاکارییەی کە دەرهەق بە کەمینەکان دەکرێت بەهۆی جیاوازی لەئایین و ڕەگەز و نەتەوە. وە ئەم جیاکارییە دەبێتە هۆی لاوازبون و لەدەستدانی

---

(١) جاك دونللي، حقوق الانسان العالمية بين النظرية والتطبيق، مصدر سابق، ص ١٨٩.

(٢) جامعة منيسوتا، مكتبة حقوق الإنسان، العهد الدولي الخاص بالحقوق الاقتصادية والاجتماعية والثقافية ١٩٦٦. http://hrlibrary.umn.edu/arab/b002.html (٠٨/ ٠١/ ٢٠١٩)

(٣) الفقرة الثانية / المادة الثانية من العهد الدولي الخاص بالحقوق الاقتصادية والاجتماعية والثقافية ١٩٦٦.

(٤) خينش أحلام، مصدر سابق، ص ٤٣.

(٥) جامعة منيسوتا، مكتبة حقوق الإنسان، الاتفاقية رقم ١٦٩ بشأن الشعوب الأصلية والقبلية في البلدان المستقلة. http://hrlibrary.umn.edu/arab/b063.html (١٠/ ٠١/ ٢٠١٩)

(٦) ديباجة الاتفاقية رقم ١٦٩ بشأن الشعوب الأصلية والقبلية في البلدان المستقلة.

(٧) المادة الثانية من الاتفاقية رقم ١٦٩ بشأن الشعوب الأصلية والقبلية في البلدان المستقلة.

(٨) المادة الثالثة من الاتفاقية رقم ١٦٩ بشأن الشعوب الأصلية والقبلية في البلدان المستقلة.

هاوسەنگی و یەکسانی لە هەلی کاردا. بۆیە ئەم ڕێکەوتننامەیە هەلێکی باش دەرەخسێنێت بۆ پاراستنی کەمینەکان، کەلەکاتی پێشێلکردنی مافەکانیاندا پەنای بۆبەرن.[١]

### ٤– ٩): جارنامەی مافی ئەو کەسانەی سەربە کەمینەی نەتەوەیی یان ئیتنیکی، ئایینی و زمانن ١٩٩٢

بەبریاری کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ژمارە ٤٧/١٣٥ لە ١٨/ ١٢/ ١٩٩٢، ئەم جارنامەیە لە ٩ مادە پێکهاتووە. لەپێشەکیەکەیدا هاتووە کە کۆمەڵەی گشتی جەختدەکاتەوە لەسەر ئامانجە سەرەکییەکانی بەڵگەنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان کەچەسپاندن و پەرەپێدانی ماف و ئازادییە بنەرەتییەکانی مرۆڤە، بۆیە پێویستە دەوڵەتان ڕێز لەو ماف و ئازادییانە بگرن بەبێ جیاکاری لەنێوان پێکهاتەکاندا.[٢] مادەی یەکەم لە جارنامەکە دەوڵەتان پابەندئەکات بە پاراستنی بونی کەمینەکان و ئەوناسنامەیەی کە هەیانە.[٣] وە لەمادەکانی ٣ و ٤ دا ئاماژەی دراوە بەوەی کەمینەکان پیادەی مافەکانی خۆیان بکەن بەبێ جیاکاری و دەتوانن تایبەتمەندییەکانی خۆیان دەربڕن وە گەشە بە کەلتور و زمان و ئایین و ڕەفتار و نەریتەکانی خۆیان بدەن، وە یەکسان بونیان لەبەردەم یاسادا وەکو هەر تاکێکی کۆمەڵگا.

ئەم بەڵگەنامە نێودەوڵەتییە بەیەکێك لەگرنگترین بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان ئەژمار دەکرێت، بەو پێیەی کە کۆمەڵێك لە ماف دەستەبەر کردووە بۆ کەمینەکان.[٤]

### ٤– ١٠): جارنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان تایبەت بەمافی گەلانی ڕەسەن ٢٠٠٧

کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بەپێی بریاری ژمارە ٤٩/٢١٤ لە ٢٣/ ١٢/ ١٩٩٤، ڕۆژی ٩/ ٨ (ئابی) هەموو ساڵێکی وەك ڕۆژی جیهانی گەلانی ڕەسەن دیاریکرد.[٥]

ژمارەیان بە ٣٧٠ ملیۆن کەس مەزەندە دەکرێت لە ٩٠ وولاتی جیهاندا دەژین، ٥٪ دانیشتوانی جیهان پێکدێنن بەلام ڕێژەیەکی زۆری هەژاری بەریاندەکەوێت کە دەگاتە ١٥٪. بەزیاتر لە ٧٠٠٠ زمانی جیهان قسەدەکەن، کە نوێنەرایەتی ٥٠٠٠ کلتور و ڕۆشنبیری جیاواز دەکەن. پارێزگاری لە تایبەتمەندییەکانی خۆیان دەکەن لەروی کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیری و ئابوری و سیاسی کەجیاوازە لە تایبەتمەندی ئەو کۆمەڵگایانەی لەگەڵیان دەژین. لەگەڵ ئەو هەموو جیاوازییە کولتورییەدا. دانیشتوانی ڕەسەن لەهەموو جیهاندا لە کێشەیەکدا هاوبەشن کە پەیوەستە بە پاراستنی مافەکانیان وەك گەلانی دیارو بەرجەستە. وە هەمیشە هەوڵیانداوە دانبنرێت بەناسنامەیاندا و بە شێوازی ژیانیان و مافیان لەسەر زەوی و هەرێمی خۆیان، بەلام بەدرێژایی مێژوو مافەکانیان پێشێلکراوە، بۆیە ئەتوانین بڵێین ئەمانە لەو دەستەو گروپانەن کە مافخوراون.[٦] هەربۆیە پێویستە لەسەر کۆمەڵگای نێودەوڵەتی هەنگاوی پێویست بگرێتە بەر بۆ پاراستنی مافەکانیان و کولتوری تایبەت بەخۆیان و ئەو شێوازە تایبەتەی لە ژیاندا هەیانە.

لەم ڕوانگەیەوەو لەپێناوی پاراستنی مافەکانیان و تایبەتمەندییەکانیان و وەك پێویستییەك، جارنامەی تایبەت بە مافی گەلانی ڕەسەن بەبریاری ژمارە ٦١/٢٩٥ کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ١٣/ ٩/ ٢٠٠٧ ڕاگەیەنراوە، وە لە ٤٦ مادەی یاسایی پێکهاتووە.[٧]

زۆرینەی مادەکانی جارنامەکە، کەزیاتر لە ٤٠ مادەیە، بەگرنگییەوە باس لەو مافانە ئەکات کە ئەم گەلانە هەیانە و دەبێ بۆیان فەراهەم بکرێ و بپارێزرێت لەلایەن دەوڵەتانەوە، هەروەك لە دێباجەی جارنامەکە هاتووە کە پێکەوە ژیان و بنیاتنانی کەلەپوری مرۆڤایەتی لەرێگەی هەماهەنگی ڕۆشنبیری و شارستانیەتە هەمە جۆرەکانەوە دەستەبەر دەبێت، وە هەموو ئەوهەولانەی ئەدرێت بۆ بالادەستی گەلێك یان کەسێك لەسەر هەربنەمایەکی جیاکاری بە پوچەڵ و نایاسایی و دور لە کاری ڕەوشتی دادەنرێت.[٨]

---

[١] خينش أحلام، الحماية الدولية لحقوق الأقليات، مصدر سابق، ص ٤٥.

[٢] جامعة منيسوتا، مكتبة حقوق الإنسان، إعلان بشأن حقوق الأشخاص المنتمين إلى أقليات قومية أو إثنية وإلى أقليات دينية ولغوية. (١١/ ٠١/ ٢٠١٩) http://hrlibrary.umn.edu/arab/b020.html

[٣] المادة الأولى من إعلان بشأن حقوق الأشخاص المنتمين إلى أقليات قومية أو إثنية وإلى أقليات دينية ولغوية.

[٤] محمد غازي ناصر الجنابي، التدخل الانساني في ضوء القانون الدولي العام، منشورات الحلبي الحقوقية، بيروت، ٢٠١٠، ص ١٨٦.

[٥] اليوم الدولي للشعوب الأصلية في العالم، الموقع الرسمي للأمم المتحدة : (١٧/ ٠١/ ٢٠١٩)
http://www.un.org/ar/events/indigenousday/background.shtml

[٦] حقوق الشعوب الأصلية، الموقع الالكترونى العربي الجديد: (٧/ ٨/ ٢٠١٨) (٣٠/ ١٢/ ٢٠١٨)
https://www.alaraby.co.uk/society/2018/8/7

[٧] جامعة منيسوتا، مكتبة حقوق الإنسان، إعلان الأمم المتحدة بشأن حقوق الشعوب الأصلية ٢٠٠٧. (١٧/ ٠١/ ٢٠١٩)
http://hrlibrary.umn.edu/arabic/UN-Declaration-Indigenous.html

[٨] ديباجة إعلان الأمم المتحدة بشأن حقوق الشعوب الأصلية ٢٠٠٧.

مادەکانی ١ و ٢ و ٣ و ٤ گرنگیداوە بەپێدانی مافی ئەم گەلانە بەپشتبەستن بە ماف وئازادییە دانپیانراوەکان لە بەڵگەنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان و جارنامەی جیهانی بۆ مافەکانی مرۆڤـ، وە دانیناوە بەناسنامەیاندا و بە ماف و ئازادی ئەم گەلانەدا وە هەروەها یەکسانی لەگەڵ تاکەکان و هەموو گەلانی تر بەبێ هیچ جۆرە جیاکارییەك. بەپشتبەستن بە بنەما نێودەوڵەتییەکان، مافی هەموو گەلێکە بگات بە مافی چارەی خۆنوسین.[(١)] گەلان مافی ئەوەیان هەیە خۆیان چارەنوسی خۆیان دیاری بکەن، وە دەبێت وڵاتان کاربکەن بۆ بەدیهێنانی مافی چارەی خۆنوسین و رێز لەومافە بگرن، ئەویش بە گوێرەی ئەحکامەکانی بەڵگەنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان.[(٢)]

### ٤– ١١): رێکەوتننامەی مافەکانی منداڵ ١٩٨٩

رێکەوتننامەی مافەکانی منداڵ بەبریاری ژمارە ٢٥/٤٤ کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ٢٠/ ١١/ ١٩٨٩ بەستراوە، وە لایەنەکان رێکەوتن لەسەر ٥٤ مادەی یاسایی کەلە ٢/ ٩/ ١٩٩٠ کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە بەپێی دەقی مادەی ٤٩ لە رێکەوتننامەکە، ئەویش بە گەرانەوەی بیستەمین راستاندن لەلایەن ئەندامانەوە.[(٣)]

هەروەك رێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی تر بەپشتبەستن بە جارنامەی گەردونی بۆ مافەکانی مرۆڤـ جەختی کردۆتەوە لەپاراستنی مافی تاکەکان. لە دێباجەکەدا هاتووە کە مافی هەموو مرۆڤێکە بگات بەسەرجەم ماف و ئازادییە بنەرەتییەکانیان بەبێ جیاکاری بەهۆکاری رەچەڵەك یان رەنگ یان رەگەز یان زمان یان ئایین یان بیروڕای سیاسی...

وە لەرێکەوتننامەکەدا هاتووە کەنابێ مامەڵەیەکی جیاواز لەگەڵ منداڵدا بکرێت بەهۆی رەچەڵەکی خۆی یان باوانییەوە یان رەنگیان یان رەگەزیان یان ئاینییان یان بیروڕای سیاسیان... یان بەهەر هۆکارێکی تر.[(٤)]

وە لەرێکەوتننامەکەدا دەقیداوە کە لەو دەوڵەتانەی کەمینەی ئیتنیکی و ئاینی و زمانیان تیایە نابێ منداڵی سەربەکەمینەکان بێبەری بکرێت لەو مافانەی کەهەیانە لەکەلتورو رۆشنبیری و جێبەجێکردنی سروتە ئاینییەکانیان، یان بەکارهێنانی زمانەکەی خۆیان. واتە نابێت هیچ جۆرە جیاکارییەك بکرێت لەنێوان منداڵانی کەمینەکان و منداڵانی تری ئەو کۆمەڵگایەی کەتیایدا دەژین.[(٥)]

### ٥): مافی کەمینەکان لەعێراقدا

عێراق یەکێکە لەو دەوڵەتە گرنگانەی خۆرهەڵاتی ناوەراست، کە چەندین کەمینەی ئایینی و ئیتنیکی و نەتەوەیی لەباوەش گرتووە، کە دانیشتوانی رەسەنی وڵاتی دۆڵی رافیدەینن، وەکو مەسیحییەکان: کلدان، ئاشورییەکان، ئەرمەن، سریان، ئێزدییەکان، سابئە مەندائییەکان، شەبەك و تورکمان. بەسەدان ساڵ بەر لەبڵاوبونەوەی ئیسلام لەناوچەکانی کوردستان و باشوری عێراق ژیاون، ئێستا زۆرینەیان لە پارێزگاکانی بەغداد و نەینەوا و کەرکوك و شارەکانی باشور ئەژین، لەگەڵ ئەوەی هەندێکیان زۆرینەبون لەعێراقدا، بەڵام بە تێپەربونی کات و بەهۆکاری سیاسی و چەوسانەوەی ئایینی و نەتەوەیی و گۆرانکاری دیموگرافی و جیوسیاسی، وایکرد هەندێك لە نەتەوەکان ببنە کەمینە دوچاری هەرەشەی لەناوچون ببنەوە.[(٦)]

بەهۆی فرە رەنگی لەپێکهاتەی کۆمەڵگەی عێراقیدا، لەدەستورە یەك لەدوایەکەکانی عێراقدا گرنگیدراوە بە مافی کەمینەکان وە هەوڵدراوە هاوسەنگی و یەکسانی لەنێوان پێکهاتەکاندا رابگیرێت. لەم روانگەیەوە هەوڵ ئەدەین خوێندنەوەیەك بۆ دەستورەکانی عێراق بکەین:

### ٥– ١): مافی کەمینەکان لەسەردەمی پاشایەتیدا

دەستوری ساڵی ١٩٢٥، لە ١٢٥ مادە پێکهاتووە.[(٧)] مادەی شەشەم ئاماژەی داوە بەیەکسانی مافی عێراقییەکان بەپێی یاسا، هەرچەندە لە روی نەتەوەو ئایین و زمانیش جیاواز بن. وە ئازادی جێبەجێکردنی سروت و بۆنە ئایینیەکان لەعێراقدا بەجیاوازی ئاینزاکانەوە مافی هەموو عێراقییەکانە. وەدەستەبەرکردنی خوێندن بە زمانی تایبەت بەخۆیان، وە یەکسانی عێراقییەکان لە بەهرەمەندبون بەمافەکان و جێبەجێکردنی

---

(١) جاك دونللي، حقوق الانسان العالمية بين النظرية والتطبيق، مصدر سابق، ص ١٨١.

(٢) پەیماننامە بنەرەتییە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ، وەرگێرانی بۆکوردی ئۆفیسی مافەکانی مرۆڤـ– نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاریکردنی عێراق، لەبڵاوکراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، ساڵی ٢٠١٦، لاپەرە ٤٠.

(٣) الموقع الألكتروني: الأمم المتحدة حقوق الانسان، مكتب المفوض السامي (٢٣/ ١/ ٢٠١٩)
https://www.ohchr.org/ar/professionalinterest/pages/crc.aspx

(٤) المادة الثانية من اتفاقية حقوق الطفل ١٩٨٩

(٥) المادة ٣٠ من اتفاقية حقوق الطفل ١٩٨٩

(٦) انطوان الصنا، حقوق الأقليات في العراق ، بحث منشور على الموقع الالكتروني عنكاوه ٣/ ٨/ ٢٠١١:
http://www.ankawa.com/forum/index.php?topic=525796.0 (٠٢/ ٠٢/ ٢٠١٩)

(٧) نبيل عبدالرحمن حياوي، دستور العراق الملكي، مصدر سابق، ص ٤١.

ئەرکەکان بەبێ جیاکاری، وە لە نوێنەرایەتی کردن بۆ ئەنجومەنی نوێنەران بەپێویست دانراوە کە نوێنەرایەتی کەمینەی مەسیحییەکان بونیان هەبێت.[١] هەرچەندە لە دەستوردا هیچ ئاماژەیەك نەکراوە بەکەمینەی نەتەوەیی، بەڵام پاراستنی مافی تاکەکان وە یەکسانی و جیاوازی نەکردنیان لەروی ئەرك و مافەکانەوە، ئاماژەیە بۆ پاراستنی ماف کەمینەکان بەشێوەیەکی گشتی، ناوهێنانی زمان و ئاین دەستەبەری مافی کەمینەی زمان و ئاینی دەکات.

دوای شەش ساڵ لە دەرچونی یەکەم دەستوری عێراق، دەسەڵاتی یاسادانانی عێراق لەژێر فشاری کۆمەڵەی گەلاندا لەساڵی ١٩٣١ یاسای زمانە ناوچەییەکانی دەرکرد بە ژمارە (٧٤).

ئەم یاسایە لەسەرداوای لیژنەی ناوبژیوانی نێودەوڵەتی سەر بە کۆمەڵەی گەلان بوو، کەتایبەت بوو بەیەکلایی کردنەوەی چارەنوسی ویلایەتی موسڵ لەنێوان عێراق و تورکیا. ئاماژەی دابوو بەوەی کە ویلایەتی موسڵ بەچەند مەرجێك دەدرێت بەعێراق، یەکێك لەو مەرجانە رەچاوکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی کورد و وەڵامدانەوەی داوای کورد بۆ بەکارهێنانی زمانی کوردی لە فەرمانگەکان و ناوەندەکانی خوێندندا.[٢]

یاساکە لەمادەکانی ٢ و ٣ و ٤ و ٥ دا رێگەی داوە لەهەندێك لە قەزاکانی پارێزگاکانی موسڵ و هەولێرو کەرکوك و سلێمانی زمانی کوردی بەکاربهێنرێت نەك لەسەرجەم قەزاکاندا، وە لەناوەندی شاری کەرکوك و قەزای کفری رێگەدرابوو کە هەردوو زمانی کوردی و زمانی تورکیش لەپاڵ زمانی عەرەبیدا بەکار بهێنرێت.[٣] ئاشکرایە کە دانپیادانان بەکەمینەدا کەزمانی خۆیان بەکار بهێنن، بەڵگەیە لەسەر بونی کەمینە، بۆیە ئەگەر دەستور بە راشکاوانەش ئاماژەی بە پاراستنی مافی کەمینەکانەوە نەکردبێت ئەوا لەرێگەی بەکارهێنانی زمانەوە ئاماژەیە بۆ دەستەبەرکردنی ماف کەمینەکان.[٤]

## ٥– ٢): مافی کەمینەکان لەسەردەمی کۆماریدا. (١٩٥٨ – ٢٠٠٣)

لەم ماوەیەدا کەنزیکەی نیو سەدە دەخایەنێت، عێراق گۆرانکاری گەورەی بەخۆیەوە بینیوە، وەچەندین حکومەت لەم ماوەیەدا پێکهاتون ولەسەرکار نەماون. چەندین دەستور هەڵوەشاوەتەوەو دەستوری تازە لەشوێنیان دەرچووە، بۆیە لێرەدا هەوڵئەدەین گرنگیدانی ئەو دەستورانە بە بابەتەکەمانەوە بخەینەروو.

### یەکەم): دەستوری تەموزی ساڵی ١٩٥٨

لەدوای شۆرشی ١٤ تەموزی ساڵی ١٩٥٨ و گۆرینی دەسەڵاتی پاشایەتی بە سیستەمی کۆماری، دەستوری ساڵی ١٩٢٥ هەڵوەشێنرایەوە و دەستوری کاتی ساڵی ١٩٥٨ جێی گرتەوە، کە لە ٣٠ مادە پێکهاتبوو.[٥]

لەم دەستورەدا ئاماژەیەکی رون و ئاشکرا نەکرابوو بۆ ماف کەمینەکان، تەنیا دەقیدابوو لەسەر مافی نەتەوەیی لەچوارچێوەی یەکێتی نیشتمانیدا وە کورد و عەرەبی وەك دوو هاوبەش لەعێراقدا باسکردبوو. وە لەدەستوردا دانینابوو بەیەکسانی هاونیشتمانیان لەبەردەم یاسادا لە ئەرك و مافەکانیاندا بەبێ جیاوازی لەنێوانیاندا بەهۆکاری رەگەز یان بنەچە یان زمان یان ئاین یان بیروباوەرەوە. وە هەروەها ئازادی ئایینەکان بەپێی یاسا رێکخرابوو.[٦]

### دووەم): دەستوری نیسانی ساڵی ١٩٦٣

لەراستیدا لەسایەی ئەم کۆمارەدا نەدەستوری هەمیشەیی و نەدەستوری کاتی دەرنەچووە، بەڵکو لەدوای ئەو کودەتا چەکدارییەی هێزە سەربازییەکان بەهاوبەشی (حزبی بەعس) لە ٨ شوباتی ١٩٦٣ یاسایەکی دەرکرد، بەناوی (یاسای ئەنجومەنی نیشتمانی سەرکردایەتی شۆرش ژمارە ٢٥ ساڵی ١٩٦٣).[٧] بەبێ ئەوەی ئەو بنەماو بابەتانە چارەسەر بکات کە لەدەستوردا باسدەکرێت، وەك شێوازی سیستەمی سیاسی و

---

[١] ينظر المادة (٦ و ١٣ و ١٦ و ١٨ و ٣٧) من القانون الأساسي العراقي لعام ١٩٢٥.

[٢] ن. لازاریف، مێژووی کوردستان، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە: وشیار عبدالله سەنگاوی، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی رۆژهەلات، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠١٠، لاپەرە ٣٥٥.

[٣] المادة الخامسة من قانون اللغات المحلية رقم ٧٤ لسنة ١٩٣١.

[٤] باسم عبدالكريم حسن الجحيشي، الحق في استعمال اللغة الخاصة للأقليات، بحث منشور على الموقع الالكتروني: شبكة القانونيين العرب. https://www.law-arab.com/2017/12/blog-post_88.html

[٥] وائل عبداللطيف الفضل، دساتير الدولة العراقية – للفترة من عام ١٩٢٥ لغاية عام ٢٠٠٤، بدون مكان وسنة الطبع، ص٥٧.

[٦] ينظر المادة (٣ و ٩ و ١٢) من دستور العراقي المؤقت لعام ١٩٥٨.

[٧] ابراهيم الفياض، مبدأ الفصل بين السلطات في الدساتير العراقية، من كتاب (دراسات دستورية عراقية – حول موضوعات أساسية للدستور العراقي الجديد، المعهد الدولي لقانون حقوق الانسان، جامعة ديبول، نيويورك، سنة ٢٠٠٥، ص ١٠٧.

ئاراستەی ئابوری و کۆمەڵایەتی و دانپێدانان بەماف و ئەرکە گشتییەکان، کەواتە ئەمە یاسایەکە و دەستور نییە، بەڵام وا ناونراوە چونکە گرنگی بە رێکخستنی هەندێك لەدەسەڵاتەکانی دەوڵەت کردبوو.[١]

ئەم یاسایە لە ٢٠ مادە پێکهاتبوو[٢]، کە تیایدا ئاماژە نەکرابوو بە مافەکان و ئەرکە گشتییەکان و لەوناویشیاندا مافی کەمینەکان.

## سێیەم): دەستوری کاتی ساڵی ١٩٦٤

ئەم دەستورە لە پێشەکییەك و ١٠٦ مادە پێکهاتبوو وە دابەشکرابوو بۆ ٦ دەروازە[٣]، کە دەروازەی ٣ تەرخانکردبوو بۆ مافەکان و ئەرکە گشتییەکان کە بریتییە لە ٢٢ مادە. ئەوەی پەیوەندی بە مافی کەمینەکانەوە هەیە ئەو دوو مادەیەیە کەگرنگیداوە، بەیەکسانی لەماف و ئەرکەکاندا بەبێ جیاکاری لەنێوان عێراقییەکان بەهۆی رەگەز و رەچەڵەك یان زمان و ئایین ، وە کوردو عەرەب هاوکاری ئەکەن بۆ پاراستنی ئەم ئەزمونە، وە دەستور مافی نەتەوایەتییان مسۆگەر دەکات، وە ئازادی ئاینی و جێبەجێکردنی سروت و نەریتە ئاینییەکان دابینکراوە بەپێی دەستور وە دەوڵەت دەیپارێزێت. [٤]

ئەوەی لەم دەستورەدا تایبەتە بەمافی کەمینەکان، رێگریکردنە لە جیاکاری و کارکردن بەبنەمای یەکسانی و ئازادیی ئاینییەکان.

## چوارەم): دەستوری کاتی ٢١ ئەیلولی ١٩٦٨

ئەم دەستورە لە پێشەکییەك و ٩٥ مادە پێکهاتبوو، وە دابەشکرابوو بۆ ٥ دەروازە.[٥] کە دەروازەی ٣ تەرخانکردبوو بۆ مافەکان و ئەرکە گشتییەکان کە بریتییە لە ٢١ مادە.ئەم دەستورەش بەهەمان شێوەی دەستوری پێش خۆی گرنگییەی ئەوتۆی نەدابوو بە مافی کەمینەکان، تەنها لەدوو مادەدا هەمان مافی دوبارە کردبۆوە بەبێ گۆرانکارییەکی بەرچاو[٦]، ئەویش هاوکاریکردنی کوردو عەرەب بۆ پاراستنی ئەزمونەکە، وە پێویستبونی یەکسانی لەماف و ئەرکەکاندا بەبێ جیاکاری لەنێوان عێراقییەکان بەهۆی رەگەز و رەچەڵەك یان زمان و ئایین، وە دەستور مافی نەتەوایەتییان مسۆگەر دەکات، وە ئازادی ئاینی و جێبەجێکردنی سروت و نەریتە ئاینییەکان دابینکراوە بەپێی دەستور وە دەوڵەت دەیپارێزێت.[٧]

## پێنجەم): دەستوری کاتی ١٦ تەموزی ١٩٧٠

لە 67 مادە پێکهاتبوو وە دوای هەموارکردنەوە بوو بە ٧٠ مادە کە دابەشکرابوو بۆ ٥ دەروازە، راستەوخۆ بە مادەی یەکەم دەستپێکردبوو.[٨] بەپێی دەستور پێکهاتەی عێراق لە دوو نەتەوەی سەرەکی پێکدێت کە نەتەوەی کوردو نەتەوەی عەرەبن، وە داندەنێت بە مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کوردا و مافی رەوای کەمینەکان، لەچوارچێوەی یەکێتی عێراقدا.[٩] جێگەی سەرنجە کە جگە لە کوردو عەرەب، کەمینەکان بە رەهایی هاتووە بێ ئەوەی ناویان بهێنرێت لەگەڵ ئەوەشدا کە چەند کەمینەیەك لەعێراقدا بونیان هەیە. دەکرا ناویان بهێنرایە تا لە رێی دەستورەوە مافەکانیان بپارێزرێت، ناوهێنانی کوردیش لە یەکسانی و هاوبەشبونەوە نەبوو بەڵکو دەگەرێتەوە بۆ ئەو کێشە لەمێژینەیەی کورد لەگەڵ دەسەڵاتدارە یەك لەدوایەکەکانی عێراق، بەتایبەتی لە ساڵەدا و لە ١١ ئازاری ساڵی ١٩٧٠دا سەرکردایەتی شۆرشی کورد بریاری گفتوگۆی دا لەگەڵ حکومەتی عێراق، لەکاردانەوەی ئەو پرۆسەیەدا ناوی گەلی کورد وەك هاوبەش لە دەستوردا هاتووە.

دەستورەکە دەقیداوە لەسەر یەکسانی هاونیشتمانیان لەبەرانبەر یاسادا بێ جیاکاری بەهۆی رەگەز و ئایین و زمانەوە، وە ئازادی و جێبەجێکردنی سروتە ئایینیەکان زامنکراوە. لەرێگەی زانست و پەروەردەکردنەوە نەوەیەکی نەتەوەیی بخوڵقێنرێت کەشانازی بکات بە گەل و

(١) د. رعد ناجي الجدة، التطورات الدستورية في العراق، مصدر سابق، ص ٣٦١.

(٢) قانون المجلس الوطني لقيادة الثورة رقم ٢٥ لسنة ١٩٦٣، الموقع الالكتروني (دار العراق) القوانين والتشريعات العراقية: http://wiki.dorar-aliraq.net/iraqilaws/law/1468.html (٠٥/ ٠٢/ ٢٠١٩)

(٣) وائل عبداللطيف الفضل، مصدر سابق، ص ٦٧ – ٨٧.

(٤) ينظر المادتين (١٩ و ٢٨) من دستور المؤقت لعام ١٩٦٤.

(٥) وائل عبداللطيف الفضل، مصدر سابق، ص ٩٥ – ١١٦.

(٦) ينظر د. عابد خالد رسول، الحقوق في الدساتير العراقية (دراسة تحليلية مقارنة على ضوء المتغيرات السياسية)، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية، ٢٠١٢، ص ٢٣٥.

(٧) ينظر المادتين (٢١ و ٣٠) من دستور المؤقت لعام ١٩٦٨.

(٨) وائل عبداللطيف الفضل، مصدر سابق، ص ١١٩ – ١٤٠.

(٩) ينظر (الفقرة ب/ المادة الخامسة ) من الدستور العراقي المؤقت لعام ١٩٧٠.

نیشتمان و هەست بکات کە گەیشتووە بەهەموو مافە نەتەوایەتییەکانیان. وە رێگری کردووە لەهەموو جۆرە جیاکارییەك و هاندانێکی رەگەزپەرستانە لەسەر هەربنەمایەکی تر کە ببێتە هۆی پەرتەوازە بون و دەستکەوتەکان بخاتە مەترسییەوە.[1]

### ٥– ٣): مافی کەمینەکان لەسەردەمی فیدرالیدا

ئەم ماوەیە دوای روخانی رژێمی بەعس لە عێراق دەستپێدەکات، لە ٩/ ٤/ ٢٠٠٣ بۆشاییەکی سیاسی و دەستوری دروستبوو، هاوپەیمانان و ئەمریکا بۆ پرکردنەوەی ئەو بۆشاییە بەپێویستیانزانی پەلە بکەن لەدانانی دەستور یان یاسایەك، تا دەسەڵاتی هاوپەیمانان رەوایەتی پێبدرێ و نەکەوێتە ژێر پرسیارەوە.[2]بۆیە یاسایەکی کاتی دانرا تا دەرچونی دەستوری هەمیشەیی. کە لێرەدا خوێندنەوەیەکی بۆ دەکەین لەبابەتی پەیوەندیدار بە باسەکەمانەوە.

### یەکەم) یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەتی عێراقی بۆ قۆناغی گواستراوە ٢٠٠٤

ئەم یاسایە بەدەستوری کاتی عێراق دادەنرێت لە قۆناغی گواستنەوەدا، کە لەلایەن دەسەڵاتی هاوپەیمانان و ووردتر لەلایەن ئەمریکاوە دەرچوو، چونکە لەو کاتەدا مانەوەی دەسەڵاتی ئەمریکی مایەی قبوڵکردن نەبوو بۆیە ئەمریکا پەلەیکرد لە دانانی دەستورێکی کاتی بۆ ئەم قۆناغە کە (پۆل بریمەر) حاکمی شارستانی ئەمریکی لە عێراق هەستا بەجێبەجێکردنی ئەم بیرۆکەیە ئەویش بۆ دواخستنی داواکاری هەندێك لەعێراقییەکان بوو بۆ نوسینەوەی دەستور، بۆ کاتێکی تر.[3] ئەم یاسایە هەموو تایبەتمەندییەکی دەستوری تیابوو لە روی ناوەرۆکەوە.[4] لە دێباجەیەك و ٦٢ مادە پێکهاتووە و دابەشکراوە بۆ ٩ دەروازە.[5]

بۆ یەکەمجار بەپێی ئەم یاسایە بەشداری بەهەموو پێکهاتەکانی عێراق کرا لە حوکمی عێراق بە کەمینەکانیشەوە. ئەویش بە پێکهێنانی ئەنجومەنی حوکم بەبریاری ژمارە (١٥٠٠) لە ١٤/ ٨/ ٢٠٠٣ کە ئەمە وەك هەنگاوێکی گرنگ تەماشا کرا بۆ پێکهاتنی حکومەتی عێراقی. ئەنجومەنی حوکم لە (٢٥) ئەندام پێکهات کەنوێنەری هەموو هێزو پارتە سیاسیەکانی عێراقی تیابوو بەپێی بنەمای پشکی تیرەگەری و نەتەوەیی. وە دابەشکردنی کورسییەکان (١٣) کورسی بۆ پارتە شیعە عەرەبەکان بوو، (٥) کورسی بۆ سوننەی عەرەب و (٥) کورسی بۆ کورد و (٢) کورسی بۆ هەریەك لە تورکمان و ئاشورییەکان، ئەم دابەشکردنە بەرجەستەکردنی سروشتی سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای عێراقی بوو.[6]

دیاریکردنی شێوازی حوکم لەسەر بنەمای جوگرافی و مێژویی و رێکەوتن دور لەدابەشکردنی دەسەڵات لەسەر بنەمای کەمینەو زۆرینە، هەنگاوێکی باشە بۆ دورکەوتنەوە لەجیاکاری و باڵا دەستبونی پێکهاتەیەك بەسەر پێکهاتەکانی تردا.

ئەم یاسایە جیاواز لە دەستورەکانی پێش خۆی، ئاماژەیداوە بەوەی کە عێراق ووڵاتێکی فرە نەتەوەیە، بەمانای دانیان بە نەتەوەکانی تردا بێجگە لە کوردو عەرەب.[7] وە هەر کەسێك هەڵگری رەگەزنامەی عێراقییە بە هاووڵاتییەکی عێراقی ئەناسرێت وە هەموو ماف و ئەرکێکی دەبێت کە لەدەستورەکەدا دیاریکراوە، وە هەرکەسێك لەسەر بنەمای جیاکاری ئایینی یان تیرەگەری یان رەگەزپەرستی رەگەزنامەی لەدەستبدات، ئەتوانێ بەدەستی بهێنێتەوە. وە یاساکە دەقیداوە لەسەر یەکسانی عێراقییەکان لە مافەکانیادا بەبێ جیاکاری لە رەگەز یان نەتەوە یان ئایین یان ئایینزا یان بنەچە وە هەموان لەبەرانبەر یاسادا چونیەکن. وە لە مەسەلەی هەڵبژاردندا، نابێت جیاکاری بکرێت لەسەر بنەمای رەگەز و ئایین و بیرو باوەر یان نەتەوە یان زمان ...[8]

هەروەها لە یاساکە ئاماژە دراوە بە مافەسیاسییەکانی کەمەنەتەوەکاندا لە یاسای هەڵبژاردندا، کە ئامانج لەیاسای هەڵبژاردن نوێنەرایەتیکردنی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگای عێراقییە، لەناویاندا تورکمان و کلدو ئاشوری ئەوانەی تریش بەشێوەیەکی یەکسان و دادپەروەرانەیە.[9]

---

[1] ينظر المواد (ف أ/ م ١٩ و ٢٥ و ٢٨ و ٣٦) من الدستور العراقي المؤقت لعام ١٩٧٠.

[2] د. حميد حنون خالد، قراءة في قانون ادارة الدولة العراقية للمرحلة الانتقالية، من كتاب (دراسات دستورية عراقية – حول موضوعات أساسية للدستور العراقي الجديد، المعهد الدولي لقانون حقوق الانسان، جامعة ديبول، نيويورك، سنة ٢٠٠٥، ص٤٢١.

[3] د. عبد خالد رسول، الحقوق في الدساتير العراقية، مصدر سابق، ص ٣٢٤.

[4] د. حميد حنون خالد، مصدر سابق، ص ٤٢٢.

[5] وائل عبداللطيف الفضل، مصدر سابق، ص ١٩٧ – ٢٥٣.

[6] آريان محمد علي، الدستور الفيدرالي، مصدر سابق، ص ٣٣ – ٣٤.

[7] ينظر: المادتين (٤ و ٧) من قانون إدارة الدولة العراقية للمرحلة الإنتقالية ٢٠٠٤.

[8] ينظر: المادة (١١ ف أ و د) و (١٢ و ٢٠ ب) من قانون إدارة الدولة العراقية للمرحلة الإنتقالية ٢٠٠٤.

[9] ينظر: المادة (٣٠، فقرة ج) من قانون إدارة الدولة العراقية للمرحلة الإنتقالية ٢٠٠٤.

بۆ گەلی کوردو نەتەوەکانی تریش ئەم یاسایە گرنگی تایبەتی هەیە ئەویش دانپێدانانە بە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی فەرمی، کە هەرسێ دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری دەگرێتەوە. وە ئەم یاسایە مافی کارگێری و رۆشنبیری و سیاسی بۆ تورکمان و کلدوئاشورییەکان مسۆگەر دەکات. کەئەمە یەکەمجارە لەدەستوردا بەو شێوەیە بە رون و ئاشکرا دانبنرێت بەمافی کەمە نەتەوەکاندا و بەپێی دەستور مافەکانیان مسۆگەر بکرێت. وە گەرانەوەی ماف بۆ مافخوراوان لەئەنجامی لەناوبردن و گۆرینی دیمۆگرافیای ئەو ناوچانەی کە بەزۆر پێکهاتەکانیان راگواستووە ونەتەوەیەکی تریان لەشوێنی داناوە، یان بەزۆر نەتەوەیان پێ گۆریون، هەروەك لەناوچەکانی کەرکوکدا رویداوە.[١] بەگشتی ئەم یاسایە گرنگیداوە بە ماف و ئازادییەکانی مرۆڤــ، وە ئەمە بەدەستکەوت دادەنرێت بۆ گەلی عێراق کەهەمیشە بێبەریکراوە لەو مافانە.[٢]

### دووەم): دەستوری عێراقی فیدراڵی ساڵی ٢٠٠٥

بۆ دانانی ئەم دەستورە لیژنەیەك لە ٥٥ ئەندام پێکهات، کە لە ٣ پێکهاتەی سەرەکی پێکهاتبوو (کوردو شیعەو سوننە)، بەبەشداری کەمینەکان کە ئەندام لەهەریەك لە کەمینەی (کلدوئاشوری و مەسیحی و تورکمان و ئێزیدی) بەشداربون.[٣] ئەم دەستورە لە دێباجەو ١٤٤ مادە پێکهاتووە، کە دابەشکراوە بۆ ٦ دەروازە، کە دەروازەی دووەم تایبەتە بە ماف و ئازادییەکان.[٤] ئەم دەستورە بە پێشکەوتووتر دائەنرێ لە دەستورەکانی پێشوی عێراق، وە لەدەستوری زۆربەی وولاتانی عەرەبی و وولاتانی دراوسێ وەك ئێران و تورکیا پێشکەوتوترە، لە باوەربون بە بنەماو پێوەرە بنچینەییەکان لە حوکمی دیموکراتی و لامەرکەزییەتدا.[٥]

دێباجەی دەستور جەختیکردۆتەوە لەسەر روبەروبونەوەی هەموو جۆرە جیاکارییەك، هەموو دەنگێك کە بانگەشە بۆ تیرەگەری و رەگەزپەرستی و ناوچەگەرێتی دەکەن.

لە چەندین مادەدا جەختکراوەتەوە لە مافی کەمینەکان وەك مافی ئایینی بۆ مەسیحی و ئێزیدی و سابیئە مەندائیەکان، وە دەوڵەت شوێنە پیرۆزەکان دەپارێزێت و بۆ هەموو کەسێك هەیە ئازادانە سروتە ئایینیەکانی خۆی بەئازادانە جێبەجێ بکات. وە دەستور دانیناوە بە عێراقدا وەك وولاتێکی فرە نەتەوەو ئاین و ئاینزا، وە لەپاڵ هەردوو زمانی فەرمی کوردی و عەرەبیدا، زمانی کەمەنەتەوەکانی تریش وەك تورکمانی و سریانی زمانی فەرمی دەبێت لەو شوێنانەی کە زۆرینەی دانیشتوانی پێکدەهێنن.[٦]

عێراقی تازە وەکو دەوڵەتانی تری جیهان جەخیکردۆتەوە لەوەی عێراق دەوڵەتی فرە نەتەوەو فرە زمانە، بۆیە پێویستە لەسەر ئەم راستییە بنەمای دروست بۆ هاونیشتمانیبون دابنرێت، بەڵام خاڵی گرنگ ئەوەیە کە هیچ گەرەنتییەکی دانەناوە بۆ ئەوەی زمانی کوردی هاوشانی زمانی عەرەبی دەبێتە زمانی فەرمی لەسەر ئاستی نیشتمانی.[٧]

لەمافە شارستانی و سیاسییەکاندا ئاماژە دراوە بەیەکسانی هەموو عێراقییەکان لەبەرانبەر یاسادا بەبێ جیاکاری لە رەگەز و نەتەوە و رەنگ و ئایین و ئاینزا و هەربیروباوەرێکی تر. وە بەپێی دەستور هاوولاتیان ئازادن لە پابەندبوون بەباری کەسێتیان بەپێی ئاین و ئاینزاو بیروباوەرو هەڵبژاردنی خۆیان. وە هەروەها دەستور دەقیداوە لەسەر مافی ئیداری و سیاسی و رۆشنبیری و فێرکردنی نەتەوە جیاوازەکانی وەك تورکمان و کلدان و ئاشوری و پێکاتەکانی تر دەپارێزێت.[٨]

---

(١) ينظر: المادة (٥٣ ف أ و د) و (٥٨ ف أ) من قانون إدارة الدولة العراقية للمرحلة الإنتقالية ٢٠٠٤.

(٢) د. غازي فيصل مهدي، مزايا قانون ادارة الدولة العراقية للمرحلة الانتقالية، من كتاب (دراسات دستورية عراقية – حول موضوعات أساسية للدستور العراقي الجديد، المعهد الدولي لقانون حقوق الانسان، جامعة ديبول، نيويورك، سنة ٢٠٠٥، ص٤٦٦.

(٣) فالح عبدالجبار، حقوق الأقليات ومنع الصراع، دستور العراق: العلاقات الاثنية والدينية، ترجمة: سعيد عبالمسيح شحاتة، البحث منشور على الموقع جماعة حقوق الأقليات الدولية. https://minorityrights.org/

(٤) دستور جمهورية العراق لسنة ٢٠٠٥، الموقع الالكتروني (دار العراق) القوانين والتشريعات العراقية: (١٢/ ٠٢/ ٢٠١٩) http://wiki.dorar-aliraq.net/iraqilaws/law/19516.html

(٥) د.عابد خالد رسول، مصدر سابق، ص ٣٥٢.

(٦) ينظر: المادة (٢ و ٣ و ٤) من دستور جمهورية العراق لسنة ٢٠٠٥.

(٧) دلاور عثمان مجيد، دستور جمهورية العراق لسنة ٢٠٠٥ (دراسة سياسية تحليلية)، من منشورات أكاديمية التوعية وتأهيل الكوادر، السليمانية، ٢٠١٢، ص ٢٣٥-٢٣٦.

(٨) ينظر: المادة (١٠ و ١٤ و٤١ و ١٢٥) من دستور جمهورية العراق لسنة ٢٠٠٥.

**مادەی ١٤** (عێراقییەکان لەبەرانبەر یاسادا بەبێ جیاکاری لە رەگەز و نەتەوە و رەنگ و ئایین و ئاینزا و هەربیروباوەڕێکی تر)، رەخنەی ئەوەی لێدەگیرێت گرنگی نەداوە بەجیاکاری لەسەر بنەمای زمان، وەئەبێتە هۆی پشتگوێ خستن و پارێزگاری نەکردنی بێگانەکان لەعێراقدا.[١]

## ٦): کاریگەری مافی کەمەنەتەوەکان لەسەر ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی و سیاسی لەعێراقدا

بەسەرنجدانێکی خێرای قۆناغە سیاسییەکانی عێراق دەردەکەوێت کەدابینکردنی مافی کەمەنەتەوەکان پەیوەندییەکی راستەوانەی هەبووە لەسەر ئاشتەوایی لەعێراقدا، بەجۆرێك لەو قۆناغانەی کە دەوڵەتی عێراق بەرەو حوکمێکی شمولی و دیکتاتۆری چووە ئاشتەوایی سیاسی تێکچووە و بۆتە هۆی نارەزایی دەربرین و خۆپیشاندان، هەندێکجاریش بەرەو شۆرش و راپەرین چووە، بۆنمونە لەسەرەتای دروستبونی دەوڵەتی عێراقدا لەساڵی ١٩٢١ بەهۆی فەرامۆشکردنی مافی کوردەکان شۆرشی شێخ محمودی نەمر هەڵگیرساو تا لەژێر کاریگەری ئەو شۆرشەو راسپاردەکانی کۆمەڵەی گەلاندا هەندێك ماف درا بە نەتەوەکانی کوردو تورکمان، کە لەدوای عەرەب دوو گەورەترین نەتەوەن لەعێراقدا، وەك دەرچواندنی یاسای زمانە فەرمییەکان لەساڵی ١٩٣١[٢]، وە رێگەدان بە کوردەکان کەنوێنەری راستەقینەی خۆیان هەبێت لە حکومەت و ئەنجومەنی چاوساغان (مجلس الاعیان)، ئینجا عێراق بۆ ماوەیەك ئارامییەکی رێژەیی بەخۆیەوە بینی.

لەدوای گۆڕانی سیستەمی حوکمرانی لەعێراق لە سیستەمی پاشایەتییەوە بۆ سیستەمی کۆماری و دارشتنی دەستورێکی پێشکەوتوتر لەدەستوری ساڵی ١٩٢٥ بەرفراوانتر بنەمای ئاشتەوایی سیاسی هاتە دی و هەموو نەتەوەکانی عێراق بە عەرەب و کوردو تورکمان و مەسیحی هەستیان بە یەکسانی و تەبایی و برایەتی ئەکرد. بەڵام دوای چەند ساڵێك لەو شۆرشەو لەپەسەندکردنی دەستورەکەی ١٩٥٨ بۆ پێکهاتەکانی عێراق دەرکەوت کە بەڵێنەکان پوچەڵبون و دەسەڵاتی سیاسی پاشگەز بۆتەوە لە بەڵێنەکانی. بۆیە دوای چەند ساڵێکی کەم کوردەکان شۆرشیان دەستپێکردەوە کە بە شۆرشی ئەیلول بەناوبانگە [٣].

بەڵام خراپترین دۆخی کەمەنەتەوەکان لەساڵی ١٩٦٤ەوە دەستپێدەکات تا ساڵی ٢٠٠٣، کە لەسەرەتادا نەتەوەپەرستەکانی عەرەب و دواتر لەساڵی ١٩٦٨ بەدواوە بەعسییەکان حوکمیان کرد، کەتیایدا نەتەوەی عەرەبیان بە سەردەستەو بەرزتر ئەزانی لە پێکهاتەکانی دیکەی عێراق[٤]، هەر لە کوردو تورکمان و مەسیحییەکان کە چەندین شۆرش و راپەرین و خۆپیشاندانین ئەنجامدا.

لەوقۆناغەدا کارگەیشتە ئەوەی نەك دژایەتی مافەسیاسییەکانی ئەو نەتەوەو پێکهاتانە بکرێت، بەڵکو دژایەتی زمان و کەلتوریشیان کرا. بۆ نمونە لەقەدەغەکردنی زمان و جەژنە نەتەوایەتییەکانی وەکو نەورۆز و گۆرینی ناوەکەی بەجەژنی بەهار ...

بەڵام لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ەوە بەتایبەتی دوای دەرچونی دەستوری ٢٠٠٥ی عێراق کەزیاتر لەهەردەستورێکی تر مافە کەلتوری و سیاسییەکانی بۆ پێکهاتەکان فەراهەم کردووە. ماوەیەکی باش بەسەر ئەو دەستورە تێپەری عێراق تا ساڵی ٢٠١٧هیچ شۆرش و راپەرینێکی وبەخۆوە نەدی و هیچ پێکدادانێك لەنێوان نەتەوەکانی جگە لە عەرەب لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی روینەدا، چونکە پێکهاتەکان دەیانتوانی ویست و داواکانیان دەربرن، لە ناو پەرلەماندا لەو سەردەمەی بنەمای رێکەوتن زاڵ بوو بۆ چارەسەری کێشەکان.

بەڵام لە دوای ساڵی ٢٠١٣ بەدواوە ئەو دەنگە لەناو نەتەوەی زۆرینە پەیدابووە کە کار بەزۆرینەبکرێت لەسەر حسابی مافی کەمینە وەك پەسەنکردنی پرۆژە یاسای بودجە بەبێ رەزامەندنی نوینەرانی کورد . وە جۆرێك لە پاشگەزبونەوە لە جێبەجێکردنی مادەکانی دەستور دەبینرێت وەك دروستنەکردنی ئەنجومەنی فیدراڵ[٥] کەباڵەکەی دیکەی دەسەڵاتی یاسادانانە لەعێراق و وە خۆدزینەوە لە جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ ی دەستور چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك و ناوچە جێناکۆکەکانی تر[٦].ئەمەش بوە هۆی ئەوەی جارێکی دیکە قەیرانی سیاسیی لەنێوان کوردەکان و دەسەڵاتی ناوەندی دروست بێت و کوردەکان داوای ئەنجامدانی ریفراندوم بکەن بۆ دیاریکردنی چارەنوسی پێکەوە بونیان لە گەڵ میللەتی عەرەب کە لە دەرئەنجامی ریفرادۆمەکەدا کەتیایدا (٩٢,٧٪) گەلی کوردستان دەنگیاندا بە بەڵێ بۆ دروستبونی دەوڵەتی کوردستان و

---

(١) بريتي تانيجا، صهر ونزوح واستئصال: جماعات الأقليات في العراق منذ عام ٢٠٠٣، ترجمة عبدالاله النعيمي، منشور على الموقع الآلكتروني: جماعة حقوق الأقليات الدولية، ص ٣٨. /https://minorityrights.org

(٢) - خەلیل عبداللە ، زمانی کوردی لەدەستورەکانی عێراقدا ، لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیر وهوشیاری یەکێتی نیشتمانی کوردستان، زنجیرەی هۆشیاری٤٦، ل٤

(٣) – ليام اندرسن و غاريث ستانسفيلد ، عراق المستقبل – تقسيم – دكتاتورية– ديمقراطية، دار الوراق للنشر، الطبعة العربية الاولى ، لندن ٢٠٠٥، ص ٨٣

(٤) - بۆ قوڵبونەوەی زیاتر بروانە: د.ئەلبیرت عیسا ، خوێندنەوەی بەعس بۆ فاشیزمی مێژووی – لێکۆلینەوەیەکی سیاسی لەسەر بەعسی عێراقی– چاپخانەی روون ، سلیمانی ٢٠٠٤، ل ١٨٩–١٩٩

(٥) المادة ٦٥ من دستور جمهورية العراق الاتحادي لسنة ٢٠٠٥.

(٦) المادة ١٤٠ من دستور جمهورية العراق الاتحادي لسنة ٢٠٠٥.

جیابونەوە لەعێراق، کە کورد رەوایەتی هەیە بۆ ئەوەی ئەو داوایە بکات،[(١)] بەڵام حکومەتی ناوەندی عێراق بە هاوکاری وڵاتانی دراوسێ بە تایبەتی تورکیا وئێران خەونی کوردەکانیان بۆ دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی جارێکی دیکە شکست پێهێنا.[(٢)]

بۆیە کورد و کەمینەکانیش هەمیشە پێیان وایە کە لەعێراقدا کەنارخراون وە حکومەتی عێراق پابەندی دەستور نەبووە و بەبیانوی جۆراو جۆر خۆی دزیوەتەوە لە ئەرکە دەستورییەکانی و مافە دەستورییەکانی پێکهاتەکانی پێشێل کردووە.[(٣)]

## کۆتایی

مەبەستمان بوو لەم توێژینەوەیەدا مافی کەمینەکان لە بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکاندا تاووتوێ بکەین، وە فەراهەمکردن و پاراستنی  ماف و ئازادییەکانیان لەسایەی بنەما نێودەوڵەتییەکاندا بخەینە روو. بەهەمان شێوە بە خوێندنەوەی دەستورە یەك لەدوایەکەکانی عێراق لە هەرسێ سەردەمی پاشایەتی و کۆماری و فیدرالیدا هەوڵماندا وە مافی کەمینەکان بخەینە روو. تا گەیشتین بە چەند دەرئەنجام و راسپاردەیەك.

### دەرئەنجامەکان

١- پێناسەیەکی تەواو نییە بۆ چەمکی کەمینە، ئەویش بەهۆی جیاوازی ئەو پێوەرانەی پشتی پێدەبەسترێت بۆ پێناسەی کەمینەکان.

٢- زۆری ژمارەی رێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکان، کە هەمویان ئاماژەیان بە پاراستنی ماف و ئازادییەکانی مرۆڤـ و مافی کەمینەکان داوە.

٣- پابەندنەبونی دەوڵەتان بەرێکەوتننامەکانەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کە رێکەوتننامەکان پەسەندئەکەن، وە لەکاتی سەرپێچیکردندا بەپێی بەرژەوەندی دەوڵەتانی زلهێز چاوپۆشیان لێدەکرێت.

٤- لەزۆربەی ئەو وولاتانەی کە فرە پێکهاتەن، دەسەڵاتی زۆرینە پێشێلی مافی کەمینەو پێکهاتەکانی تر دەکات، هەربۆیە تا ئێستاش کێشەی کەمینەکان لە چەندین وولاتانی جیهاندا هەر ماوەو بەچارەسەر نەکراوی ماوەتەوە.

٥- بەهۆی گۆرانکاری زۆر لە سیستەمی حوکم لەعێراقدا، بۆتە هۆی گۆرانکاری و ناجێگیری لە دەستورەکانیشدا، بۆیە هەل ومەرجە سیاسییەکان کاریگەری و رەنگدانەوەی هەبووە لەسەر ماف و ئازادییەکان بەگشتی.

٦- لەگەڵ ئەوەی زۆربەی دەستورەکانی عێراق دەقیداوە لەسەر پاراستنی مافی مرۆڤـ و کەمینەکان، بەڵام زۆرترین پێشێلکاری لەسەر دەستی حکومەتە یەك لەدوایەکەکانی عێراق کراوە.

### راسپاردەکان

١- رۆڵی رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی چالاکتر بکرێت بۆ چاودێریکردن و جێبەجێکردن و پاراستنی مافی کەمینەکان.

٢- دەستێوەردان پەیرەو بکرێت لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی لەکاتی سەرپێچی و دەستدرێژی بۆسەر مافی کەمینەکان لەلایەن دەوڵەتەکانیانەوە، بەبێلایەنانەو بێ بەرژەندیخوازی لەلایەن وولاتانی زلهێزەوە. چونکە پێشێلکردنی مافی کەمینەکان سەردەکێشێ بۆ نا ئارامی و سەقامگیری ئاشتی وئاسایشی جیهانی.

٣- لەعێراق و هەرێمی کوردستاندا هێزی نیشتمانی دروست بکرێت تا هێزی پشتیوانی هەموان بێت بێ جیاوازی لە نەتەوەو ئایین  و ئایینزا و زمان.

٤- گرنگیدان بە پەرلەمان و کاندیدکردنی خەڵکانی بەتوانا لەسەر بنەمای دڵسۆزی بۆ خاك و نیشتمان بێ جیاوازی لە رەنگ و رەگەز و ئایین.

٥- پێویستە پەرلەمان چاودێری راستەقینەبێت بەسەر کاری حکومەتەوە وپارێزەری دەستوربێت. وە رێگەنەدات  حکومەت بەپێی خواست و بەرژەوەندی نەتەوەیەك پێشێلی دەستور بکات تا بنەمای یەکسانی رەنگ بداتەوە.

٦- جەختکردنەوە لەسەر سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری و سەروەری یاسا. وە کارکردن بە بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لەیەکتر، کەهۆکارە بۆ دابینکردن و پاراستنی مافی کەمینەکان و جیاوازی نەکردن.

---

(١) کاروان أورحمان اسماعیل، خوێندنەوەیەکی یاسایی بۆ بریاری ژمارە ٥٥ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، گۆڤاری یاساو رامیاری زانکۆی سەلاحەدین، بەرگی یەکەم، سالی شازدەهەم، ژمارە ٢٣، هەولێر، لاپەرە ٤-٥.

(٢) هەمان سەرچاوە، لاپەرە ١٧.

(٣) سهیلة عبدالانیس، الأقلیات في العراق، الموقع الالکتروني (الحوار المتمدن) (٢٠١٠/٢/١٨) (٢٠١٩/٢/١٥)
http://www.m.ahewar.org/s.asp?aid=204138&r=0

## المصادر

**الوثائق والبيانات:**

١– بەڵگەنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان، لەشاری سان فرانسیسکو دەرچووە لە ڕۆژی ٢٦ حوزەیران ١٩٤٥.

٢– پەیماننامە بنەڕەتییە نێودەوڵەتیەکانی ماف مرۆڤ، وەرگێرانی بۆ کوردی ئۆفیسی مافەکانی مرۆڤ – نێردەی نەتەوە ٤– یەکگرتووەکان بۆ هاوکاریکردنی عێراق، لە بڵاوکراوەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان، ساڵی ٢٠١٦.

٥– الاعلان العالمي لحقوق الانسان، اعتمد ونشر على الملأ بموجب قرار الجمعية العامة للأمم المتحدة ٢١٧ ألف (د–٣) المؤرخ في ١٠ كانون الأول/ديسمبر ١٩٤٨

٦– اتفاقية منع جريمة الابادة الجماعية والمعاقبة عليها، عام ١٩٤٨.

٧– الاتفاقية الخاصة بمكافحة التمييز في مجال التعليم ١٩٦٠.

٨– إعلان الأمم المتحدة للقضاء علي جميع أشكال التمييز العنصري ١٩٦٣.

٩– العهد الدولي الخاص بالحقوق المدنية والسياسية ١٩٦٦.

١٠– العهد الدولي الخاص بالحقوق الاقتصادية والاجتماعية والثقافية ١٩٦٦.

١١– الاتفاقية رقم ١٦٩ بشأن الشعوب الأصلية والقبلية في البلدان المستقلة.

١٢– إعلان بشأن حقوق الأشخاص المنتمين إلى أقليات قومية أو إثنية وإلى أقليات دينية ولغوية.

١٣– اتفاقية حقوق الطفل ١٩٨٩

١٤– إعلان الأمم المتحدة بشأن حقوق الشعوب الأصلية ٢٠٠٧.

**الدساتير والقوانين :**

١– دستور جمهورية العراق الاتحادي لسنة ٢٠٠٥.

٢– قانون ادارة الدولة العراقية للمرحلة الانتقالية لسنة ٢٠٠٤.

٣– الدستور العراقي المؤقت لعام ١٩٧٠.

٤– من دستور المؤقت لعام ١٩٦٨.

٥– قانون اللغات المحلية رقم ٧٤ لسنة ١٩٣١.

٦– قانون المجلس الوطني لقيادة الثورة رقم ٢٥ لسنة ١٩٦٣

٧– دستور العراقي المؤقت لعام ١٩٥٨.

٨– القانون الأساسي العراقي لعام ١٩٢٥.

**الكتب:**

١– د.ئەلبیرت عیسا ، خوێندنەوەی بەعس بۆ فاشیزمی مێژووی – لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی لەسەر بەعسی عێراقی– چاپخانەی ڕوون ، سلێمانی ٢٠٠٤.

٢– خەلیل عبداللە ، زمانی کوردی لەدەستورەکانی عێراقدا ، لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیر وهوشیاری یەکێتی نیشتمانی کوردستان، زنجیرەی هۆشیاری٤٦.

٣– پەیماننامە بنەرەتییە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ، وەرگێرانی بۆکوردی ئۆفیسی مافەکانی مرۆڤ– نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاریکردنی عێراق، لەبڵاوکراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، ساڵی ٢٠١٦، لاپەرە ٤٠.

٤– ن. لازاریف، مێژووی کوردستان، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە: وشیار عبداللە سەنگاوی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەلات، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠١٠.

٥– ابراهيم الفياض، مبدأ الفصل بين السلطات في الدساتير العراقية، من كتاب (دراسات دستورية عراقية – حول موضوعات أساسية للدستور العراقي الجديد، المعهد الدولي لقانون حقوق الانسان، جامعة ديبول، نيويورك، سنة ٢٠٠٥.

٥– آريان محمد علي، الدستور الفيدرالي، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية، ٢٠٠٩.

٦- بدرية عقعاق، تحديد مفهوم الاقليات في القانون الدولي والوسائل الدولية لحمايتها، ط١، دارالفكر والقانون للنشر، المنصورة، ٢٠١٣.

٨- جاك دونللي، حقوق الانسان العالمية بين النظرية والتطبيق، ترجمة مبارك علي عثمان، المكتبة الأكاديمية، القاهرة، ١٩٩٨.

٩- دلاور عثمان مجيد، دستور جمهورية العراق لسنة ٢٠٠٥ (دراسة سياسية تحليلية)، من منشورات أكاديمية التوعية وتأهيل الكوادر، السليمانية، ٢٠١٢.

١٠- وائل عبداللطيف الفضل، دساتير الدولة العراقية – للفترة من عام ١٩٢٥ لغاية عام ٢٠٠٤، بدون مكان وسنة الطبع.

١١- ليام اندرسن و غاريث ستانسفيلد ، عراق المستقبل – تقسيم – دكتاتورية- ديمقراطية، دار الوراق للنشر، الطبعة العربية الاولى، لندن ٢٠٠٥.

١٢- المنظمة الدولية للهجرة في العراق، النزوح الداخلي في العراق:معوقات الاندماج، بغداد، ٢٠١٣.

١٣- محمد الطاهر، الحماية الدولية للحقوق والأقليات في القانون الدولي المعاصر، دار النهضة العربية، القاهرة، ٢٠٠٩.

١٤- محمد غازي ناصر، التدخل الإنساني في ضوء القانون الدولي العام، منشورات الحلبي، ط ١ سنة ٢٠١٠، بيروت.

١٥- محمد المجذوب، التنظيم الدولي، ط٨، منشورات الحلبي الحقوقية، بيروت، ٢٠٠٦.

١٦- محمد سعيد دقاق، المنظمات الدولية المعاصرة، منشأة المعارف، الأسكندرية، ٢٠٠٠.

م١٧- حمد غازي ناصر الجنابي، التدخل الانساني في ضوء القانون الدولي العام، منشورات الحلبي الحقوقية، بيروت، ٢٠١٠.

١٨- نبيل عبدالرحمن حياوي، دستور العراق الملكي، المكتبة القانونية، بغداد، دون سنة طبع.

١٩- حسام أحمد محمد هنداوي، القانون الدولي العام وحماية حقوق الأقليات، دار النهضة العربية ، القاهرة، ١٩٩٧.

٢٠- حميد حنون خالد، قراءة في قانون ادارة الدولة العراقية للمرحلة الانتقالية، من كتاب (دراسات دستورية عراقية – حول موضوعات أساسية للدستور العراقي الجديد، المعهد الدولي لقانون حقوق الانسان، جامعة ديبول، نيويورك، سنة ٢٠٠٥.

٢١- عابد خالد رسول، الحقوق في الدساتير العراقية (دراسة تحليلية مقارنة على ضوء المتغيرات السياسية)، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية، ٢٠١٢.

٢٢- عبدالله علي عبو، القانون الدولي العام، مكتبة يادگار لنشر الكتب القانونية، السليمانية، ٢٠١٥.

٢٣- غازي فيصل مهدي، مزايا قانون ادارة الدولة العراقية للمرحلة الانتقالية، من كتاب (دراسات دستورية عراقية – حول موضوعات أساسية للدستور العراقي الجديد، المعهد الدولي لقانون حقوق الانسان، جامعة ديبول، نيويورك، سنة ٢٠٠٥.

٢٤- رعد ناجي الجدة، النظام الدستوري في العراق، المكتبة القانونية، بغداد، دون سنة طبع.

**المجلات والرسائل العلمية:**

**١- كاروان أورحمان اسماعيل، خوێندنەوەيەكی ياسايی بۆ بڕياری ژمارە ٥٥ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، گۆڤاری ياساو راميارى زانكۆی سەلاحەدين، بەرگی يەكەم، سالی شازدەهەم، ژمارە ٢٣، هەولێر، ٢٠١٨.**

٢- دريسي تسعديت، آليات حماية الأقليات في القانون الدولي، رسالة ماجستير، جامعة عبدالرحمن ميرة – بجاية – الجزائر ٢٠١٣.

٣- ويفي خيرة، تأثير المسألة الكردية على الاستقرار الاقليمي، رسالة ماجستير، جامعة منتوري قسنطينة، الجزائر، ٢٠٠٥.

٤- خينش أحلام، الحماية الدولية لحقوق الأقليات، رسالة ماجستير، جامعة محمد خيضر، بسكرة، الجزائر، ٢٠١٦.

٥- عزالدين بشير، مؤتمر الصلح والتسويات الدولية عقب الحرب العالمية الأولى، رسالة ماجستير، جامعة محمد خضر – بسكرة-– الجزائر، ٢٠١٦.

٦- عبداليزيد داودي، التدخل الانساني في ضوء ميثاق منظمة الأمم المتحدة، رسالة ماجستير، جامعة قالمة، الجزائر، ٢٠١٢.

٧- رائد شهاب أحمد، الحماية القانونية للاقليات في العراق، بحث منشور في مجلة رسالة الحقوق، العدد الثاني، كلية القانون جامعة كربلاء، ٢٠١٢.

**المواقع الالكترونية:**

محمد ثامر، حقوق الأقليات، بحث منشور على الموقع الألكتروني الحوار المتمدن. (٢٨/ ١٢/ ٢٠١٨)
http://www.m.ahewar.org/s.asp?aid=359895&r=0

بولس رمزي، حقوق الأقليات في المواثيق الدولية، مقال منشور على الموقع الالكتروني (الحوار المتمدن) (٣/ ١/ ٢١٠٩)
http://www.m.ahewar.org/s.asp?aid=97447&r=0 (٢٢/ ٥/ ٢٠٠٧)

الاعلان العالمي لحقوق الانسان، الموقع الالكتروني (منظمة العفو الدولية) (٠٧/ ٠١/ ٢٠١٩)
https://www.amnesty.org/ar/what-we-do/universal-declaration-of-human-rights/

الموقع الالكتروني اللجنة الدولية للصليب الأحمر ICRC (٢٧/١١/ ٢٠١٨)
https://www.icrc.org/ar/doc/resources/documents/misc/62sgrn.htm

خلواتي مصعب، الحماية القانونية للأقليات في القانون الدولي، مقال منشور على الموقع الالكتروني: (مركز جيل البحث العلمي) (٢٨/١١/ ٢٠١٨) ٢١/ ٦/ ٢٠١٨ http://jilrc.com

المكتبة العربية لحقوق الانسان بجامعة منيسوتا http://hrlibrary.umn.edu/arabic/

اليوم الدولي للشعوب الأصلية في العالم، الموقع الرسمي للأمم المتحدة : (١٧/ ٠١/ ٢٠١٩)
http://www.un.org/ar/events/indigenousday/background.shtml

حقوق الشعوب الأصلية، الموقع الالكترونى العربي الجديد: (٧/ ٨/ ٢٠١٨) (٣٠/ ١٢/ ٢٠١٨)
https://www.alaraby.co.uk/society/2018/8/7

الموقع الألكتروني: الأمم المتحدة حقوق الانسان، مكتب المفوض السامي (٢٣/ ١/ ٢٠١٩)
https://www.ohchr.org/ar/professionalinterest/pages/crc.aspx

انطوان الصنا، حقوق الأقليات في العراق ، بحث منشور على الموقع الالكتروني عنكاوه ٣/ ٨/ ٢٠١١:
(٠٢/ ٠٢/ ٢٠١٩) http://www.ankawa.com/forum/index.php?topic=525796.0

باسم عبدالكريم حسن الجحيشي، الحق في استعمال اللغة الخاصة للأقليات، بحث منشور على الموقع الالكتروني: شبكة القانونيين العرب. https://www.law-arab.com/2017/12/blog-post_88.html

قانون المجلس الوطني لقيادة الثورة رقم ٢٥ لسنة ١٩٦٣، الموقع الالكتروني (دار العراق) القوانين والتشريعات العراقية:
(٠٥/ ٠٢/ ٢٠١٩) http://wiki.dorar-aliraq.net/iraqilaws/law/1468.html

فالح عبدالجبار، حقوق الأقليات ومنع الصراع، دستور العراق: العلاقات الاثنية والدينية، ترجمة: سعيد عبالمسيح شحاتة، البحث منشور على الموقع جماعة حقوق الأقليات الدولية. https://minorityrights.org/

دستور جمهورية العراق لسنة ٢٠٠٥، الموقع الالكتروني (دار العراق) القوانين والتشريعات العراقية: (١٢/ ٠٢/ ٢٠١٩)
http://wiki.dorar-aliraq.net/iraqilaws/law/19516.html

بريتي تانيجا، صهر ونزوح واستئصال: جماعات الأقليات في العراق منذ عام ٢٠٠٣، ترجمة عبدالاله النعيمي، منشور على الموقع الآلكتروني: جماعة حقوق الأقليات الدولية. https://minorityrights.org/

سهيلة عبد الانيس، الاقليات في العراق (دراسة في حقيقة وجودهم وواقعهم السياسي)
http://www.m.ahewar.org/s.asp?aid=204138&r=0

## ABSTRACT

Minorities' rights are parts Human rights. As these rights need to be included in the legal program of the states in order to make these rights more familiar to other communities. To

achieve the protection of the minorities' rights, a mechanism must be fulfilled. These rights include cultural rights, religion and minorities languages. Minorities have a real right to participate equally in the authority to order decisions. They deserve to have a protected respectable life far from any discrimination violation in society.

The international conventions and treaties worked as well on the protection of cultural, language and religion of the minorities in the worldwide. In the International Declaration of the Human Rights 1948, granted numbers of rights to minorities. It emphasizes in Article 2 to benefit from the rights granted in this declaration without discrimination of sex, color, language, religion or political or none political views.

Iraq as one of the countries that its populations and residents are consist of different ethnics of religion, language and different culture, specifically the component of the big cities such as Mosel, Baghdad, Basra, Erbil and Kirkuk, which is a sign of co-existence.

The Iraqi Constitution mentions the above components and tries to protect their rights within legal text.